
سەرۆک کۆماری کوردستان
٤


«ئامانجی ئێمە»
٥


AKP دەیهەوێ ببێ بە ...
٨


عێراق و داهاتوویەکی نادیار
٩


قوتابخانە لە گەمارۆی...
١٠



دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٥٩٧، شەممە، ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩١، ١٩ی ژانویەی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


## پیرۆز بێت ٦٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

بە بۆنەی ٦٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری هیوا و ئاواتەکانی کورد، کۆماری پڕ لە شانازی و دەسکەوتی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرجەم خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەین و «کوردستان» ئاواتەخوازە جارێکی دیکە لە ژێر ئاڵای وەها حکوومەتێکی دێموکراتیکدا، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی خۆی چاپ و بڵاو بکاتەوە. بە هیوای هاتنەدی ئاوات و ئارەزووەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە ژێر سێبەری حکوومەتێکی دێموکراتیك و فێدراڵدا.

# پرسی کورد لە دەوحە کەوتە بەرباس

لوقمان ئەحمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بەشداریی لە کۆنفرانسی پرسی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لە شاری دۆحەدا کرد.

ئەم کۆنفرانسە لە ڕۆژانی ٢٤ و ٢٥ی بەفرانباری ١٣٩١، لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئەلجەزایر و ناوەندی لێکۆڵینەوە ئێستراتیژیکەکانی عێراق بەڕێوە چوو.

لە ڕۆژی یەکەمی ئەم کونفرانسەدا لە دوو پانێلی جیاجیادا، لەسەر پرسی کورد لە عێراق و سووریە و ڕەوتی وەرچەرخانەکان و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لەم وڵاتانەدا پرس و باسگەلێ هاتە ئاراوە.

لە ڕۆژی دووهەمیشدا لە دوو پانێلی جودادا، لەمەڕ پرسی کوردەکانی تورکیە و ئێران باس و وتوویژ کرا. لەم پانێلانەدا، ڕووناکبیران، لێکۆڵەران، ڕۆژنامەوانان، سیاسەتڤانانی کورد و کەسایەتییەکانی کورد و تورك و ئێرانی لە باسەکاندا بەشدارییان کرد و بیرورِا و ڕوانگەکانی خۆیان لەمەڕ چارەسەری پرسی کورد لەم دوو وڵاتەدا خستە ڕوو.

لە پانێلی تایبەت بە پرسی کورد لە ئێران لوقمان ئەحمەدی، بە نوێنەرایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەرەتادا لەمەڕ مێژووی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند گوتەیەکی پێشکەش کرد و گوتی: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەمین هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێران ٦٠ تا ٨٠ لەسەدی دەنگی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بەدەستهێنا، بەڵام ڕێژیمی نوێ لە باتی ئەوەیکە ئیزن بدات نوێنەرەکانی حیزبی دێموکرات لە مەجلیسدا ئامادە بن، شەڕێکی نامرۆییانەی بە دژی نەتەوەی کورد دەست پێکرد.»



لوقمان ئەحمەدی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی داوە کە پرسی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بێت، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە توندوتیژی و کوشت و بڕ و تیرۆر، وەڵامی بزووتنەوەی دێموکراتیکی نەتەوەی کوردی داوەتەوە.

لوقمان ئەحمەدی لە وەڵامی نوێنەرێکی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ڕێژیمی ئێران، کە لەم پانێلەدا بەشداری کردبوو، گوتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نزیك بە ٧٠ ساڵە بۆ دابینکردنی مافەکان و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد خەبات دەکا و لەسەر ویست و داخوازییەکانی خۆی کە رووخانی ڕێژیمی ئێرانە پێداگری کردووەتەوە و بەم هۆیە کە نوێنەری ڕاستەقینەی داخوازییەکانی نەتەوەی کوردە، گوشار و توندوتیژییەکانی ئەم ڕێژیمە ناتوانێ کۆتایی بە خەباتی ڕەوای نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد و حیزبی دێموکرات بێنێ.

## لێبوردنی نێونەتەوەیی هۆشداری دایە ماشینی ئێعدامی ئێران

لێبوردنی نێونەتەوەیی پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگای زانیار و لوقمان مورادی و یوونس ئاقایانی بە نادادوەرانە وەسف کرد.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك لە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٧ی بەفرانباردا، لەهەمبەر بەڕێوەچوونی حوکمەکانی ئێعدامی زانیار مورادی، لوقمان مورادی و یوونس ئاقایان هۆشداری دا و داوای لە کاربەدەستانی ئێران کرد ئەم حوکمانە هەڵبوەشێنێتەوە.

زانیار مورادی و لوقمان مورادی خەڵکی کوردستانی ئێرانن کە بە تۆمەتی کوشتنی کوڕی پێشنوێژی جەماعەتی مەریوان و ئەندامبوون لە یەکێك لە حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری ڕێژیم حوکمی سێدارەیان بەسەردا داسەپاوە.

یوونس ئاقایانیش سەر بە کەمینەی «یارسان»ـە کە چەن ساڵ لەمەوپێش لە لایەن مەئموورانی ئەمنیەتی دەستبەسەر و بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ خودا مەحکووم بە ئێعدام بووە.

لە ڕاگەیەنداوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کە لە وێبسایتی ئەم ڕێکخراوەدا بڵاو کراوەتەوە هاتووە: «لێبوردنی نێونەتەوەیی بە هۆی ڕاپۆرتگەلێك کە لەم دواییانە بە دەستی گەیشتووە ئاگادار کراوەتەوە کە بەڕێوەچوونی حوکمەکانی سێ زیندانی ـ زانیار مورادی، لوقمان مورادی و یوونس ئاقایان ـ ڕەنگە حەتمی بێت. (لێبوردنی نێونەتەوەی) داوای لە کاربەدەستانی ئێران کردووە کە بەڕێوەبردنی ئێعدامی ئەوان ڕابگرێ و حوکمەکانی ئێعدامەکەیان هەڵوەشێنێتەوە.»

لێبوردنی نێونەتەوەیی هەوەرها نیگەرانیی جیددی خۆی لەهەمبەر «ئەشکەنجەی ئەم سێ زیندانییە بە مەبەستی وەرگرتنی ئێعتراف» ڕاگەیاند و هۆشداری دا کە پرۆسەی دادگایی کردنەکەیان نادادوەرانە بووە.

لە درێژەی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: «شوێنێك کە مرۆڤەکان لەگەڵ سزای ئێعدامدا بەرەوڕوو دەبنەوە، بەڕێوەچوونی دادگاگەلێك کە لەگەڵ پێوەرەکانی نێونەتەوەییدا سازگار بێت، گرینگیەکی زیاتر پەیدا دەکات.»

لێبوردنی نێونەتەوەیی لە کۆتاییدا داوای لە حکوومەتی ئێران کردووە بە بێ هیچ پێشمەرجێ کۆنوانسیۆنی پێشگرتن لە ئەشکەنجە و دیکەی هەڵسووکەوت و سزا زاڵمانە و دژەمرۆییەکان و سووکایەتێ کردن بە مرۆڤەکان پەسەند بکات.

## بژاری سەربازی بە دژی ڕێژیم جیددییە

پاڵێوراوی وەزارەتی بەرگری ئامریکا دەڵێ، هەموو بژارەکان وەك، هێرشی سەربازی بە دژی ئێران لە ئارادایە.

چاك شومر، ئەندامی پارلمانی سنای ئامریکا ڕایگەیاند، کە بە ماوەی یەك کاتژمێر و نیو لە گەڵ هیگڵ، پاڵێوراوی وەزارەتی بەرگری، وتوویژی کردووە و لەو چاوپێکەوتنەدا هیگڵ جەختی کردووە کە «هەر کردەوەیەکی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، بۆ نموونە بەکارهێنانی بژاری سەربازی کەڵك وەردەگرێ».

ئەو ڕوونکردنەوەیە لە لایەن دەوڵەتی ئۆباما لەمەڕکەڵکوەرگرتن لە توانای سەربازیی بە دژی ئێران زور دەگمەنە و بێ وێنەیە. سەرەڕای ئەوەیکە، وەها ئاخاوتنێ لە زمان سەرکۆمار یان وتەبێژی ئەوەوە بڵاو نەبووتەوە، بەڵام کارناسان لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەتوانرێ ئەو لێدوانە وەك دووڕەدیمەنێك بزانرێ لە سیاسەتی ئامریکا لەمەڕ ئێران لە چوار ساڵی داهاتوودا.

لە ڕاگەیەنداوی شومردا هاتووە کە وەزارەتی بەرگری ئامریکا، پاڵێوراوی وەزارەتی بەرگری ئامریکای لە گەلاڵەکانی خۆی لە ئەگەری کردەوەی نیزامی بە دژی ئێران ئاگادار کردووەتەوە و ئەمە بەم مانایەیە کە ئامریکاییەکان گەلاڵەیەکی ڕێکوپێکیان لەمەڕ ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران داڕشتووە.

قەسەکانی سێناتۆر شومێر لەم بارەوە، ڕوونترین دەنگدانەوەی سیاسەتەکانی ئامریکا لە چوار ساڵی داهاتوو لەمەڕ ئێران دەبێت، بە تایبەت ئەوەیکە ناوبراو، لەمەڕ پاڵێوراویی چاك هیگڵ بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگری ئامریکا بە هۆی هەڵوێستەکانی پێشوویی لەمەڕ کردەوەکانی ئابلۆقەی یەك لایەنە بە دژی ئێران، شك و دردۆنگی نواندبوو. ئەمجار شومێر کە دیارترین ئەندامی جوولەکەی مەجلیسی سنای ئامریکایە، ڕایگەیاند کە لەگەڵ پاڵێوراویی چاك هیگڵ بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگری هاوڕایە و گوتیشی کە هیگڵ دژی وتوویژی نێوان واشینگتۆن و دوو گرووپی حەماس و حیزبوڵڵایە و پێشنیاری بە ئۆباما کردووە لە ئەگەری بەردەوامی دژایەتییەکانی تورکیە لە گەڵ ئیسراییلدا، ئامریکا خۆی لە بەشداریکردن لە مانۆڕەکانی ناتۆدا ببوێرێ.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### ئەو گوڵەی لە سەهۆڵبەنداندا ڕوا

دووی ڕێبەندان بەڕێوەیە و کوردستان بە پیریی بیرئانینی دامەزرانی کۆمارە تەمەن کورت و بەها گرانەکەیەوە دەچێت. کۆمارێك کە سنووری شار و وڵات و هەرێمی بەزاند و بوو بە هیوا و سەمبولی گەورەیی و ویستی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد. بەربڵاوی و شکۆی ڕێورەسمەکانی ڕێزگرتن لە ساڵیادی دامەزرانی کۆمار، دەرخەری ڕێزگرتن و دەربڕینی خۆشەویستی گەلی کورد بۆ دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمارەیە.

دامەزرانی کۆمار، هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئیرادەی نەتەوەی کوردی بۆ بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی سەلماند، ڕێبازێکی نوێی دەسەڵاتداریشی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێنایە گۆڕێ کە نە تەنیا تا ئەو کاتە وێنەی نەبوو، بەڵکوو ئێستاش لە وڵاتانی ناوچەدا کە هێندێکیان خۆیان بە میراتگری شارستانیەتی هەزاران ساڵە دەزانن شکڵی نەگرتوە.

گەورەترین تایبەتمەندیی کۆماری کوردستان مەودای کورتی نێوان خەڵك و ڕێبەرانی بوو. لە سەرۆك کۆمار و وەزیرەوە بگرە تا گەورە بەرپرسان و فەرماندەکانی ئەرتەشی کوردستان و بازرگان و دەوڵەمەند و هەژاری کوردستان، لە هەموو ئەو وڵاتەی کە لە ژێر سەیوانی دەسەڵاتی کۆماردا بوو، کەس نەبوو کە لە پشت دیواری بە تێلدڕوو چێنراودا خۆی بشارێتەوە یا بەربەستێك بۆ هاتوچووی خەڵکی ئاسایی بۆ لای خۆی دابنێ و قازی محەممەد و سەرکردەکان و گەورە بەرپرسانی کۆمارەکەی بستە مەودایەکیان لە نێوان خۆیان و خەلکەکەیاندا دروست نەکرد.

وێڕای تێکەڵاویی خەڵك و دەسەڵاتداران و لە ڕاستیدا یەکبوونیان، یەکیەتیی نێو ڕیزەکانی بەڕێوەبەران و هەموو دەسەڵاتدارانی کۆمار نموونەی یەك هەڵوێستی و ئیرادەی هاوبەشی نەتەوەیەك بوو کە لە هەرێمێکی سنووردار و بە ئیمکاناتێکی کەمەوە توانی یەکێك لە گەورەترین شانازییەکانی مێژوو بۆ هەموو نەتەوەکەی بخوڵقێنێ. یەکیەتیەك کە نەوەکانی ئێستا دەکرێ و دەبێ دەرسی لێ وەربگرن و بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆحی گەورە و یەکیەتیخوازانەی پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبازی بەرزی ئەو بکەنە مەشغەڵی ڕێگای خەباتی ئێستامان.

ئەو ڕێز و خۆشەویستیەی کە ئەو دەم و ئێستاش کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی، لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیانبووە و هەیانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو تایبەتمەنییەی کە باس کران.

ڕێوڕەسمەکانی ٢ی ڕێبەندان و گڕی پڕ خرۆشی ڕاپەڕینی گەلی کورد بۆ ئازادی دەسەلمێنێ کە ئەو گوڵەی لە سەهۆڵبەندانی بەر لە بەهاری ژیانەوەی نەتەوەی کورددا ڕوا، بە زریانی ڕەشەبای ملهوڕی لە بەین نەچوو و ئێستاش بە گێژەڵووکەی دۆڕاو و لە عەرزبڕاوی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆری لە نێو دڵی نەتەوەی کورد هەڵناقەندرێ. ٢ی ڕێبەندانمان پیرۆز ئۆگرانی ئازادی.

## هاودیتنی دوو شاندی حیزبی دێموکرات و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

ڕێکەوتی ٢١ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییە کوردستانییەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «بێهرووز ئـەردەڵان»، سـەردانـی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لـە شـاری سلێمانی کـرد و لـەلایـەن شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبەوە بە سەرپەرستیی «محەممەد ساحیبی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لەو شارە پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارەدا محەممەد ساحیبی باسێکی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و ئێران و کوردستان و هەروەها پێویستیی هاوکاریی هێزە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکان بۆ ئەم قۆناغەی خەبات پێشکەش کرد.

پاشان بێهرووز ئەردەڵان بارودۆخی ئێران و ڕۆڵی هێزە کوردستانییەکانی لە دوارۆژی ئێران و چۆنیەتیی هاوکاریی چەند لایەنەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی هێنایە بەرباس.

لـە کۆتایی ئـەم دانیشتنەدا هـەر دوولا لـەسـەر بەردەوامبوونی پێوەندییەکانیان پێداگرییان کردەوە.

## هاودیتنی دوو شاندی حیزبی دێموکرات و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە هەولێر

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، شاندێکی مەکتەبی پێوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی «دوکتور هیوا» ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبەوە بە سەرپەرستیی «محەممەد ساڵح قادری» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر، پێشوازییان لێ کرا.

لەم دانیشتنەدا دوکتور هیوا، پیرۆزبایی لە محەممەد ساڵح قادری لەمەڕ دەست بەکار بوون وەکوو بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر کرد و هەروەها لەسەر کێشە و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان چەند باسێکی پێشکەش کرد.

پاشان محەممەد ساڵح قادری باسێکی لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێران، هەولومەرجی ئێستای کوردستان و سیاسەت و ستراتیژیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان پێشکەش کرد.

لەو هاودیتنەدا هەر دوو لایەن لەسەر بەردەوامبوونی پێوەندییەکانی هەر دوولا پێداگرییان کردەوە.

## لە شاری کریستیانساندی وڵاتی نۆروێژ یادی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕێکەوتی ٢٣ی بەفرانبار، کۆمەڵەی کولتووریی کورد بە هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی ناوچەی کریستیانساند و ژمارەیەك لە کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کۆمەڵەی کولتووریی کورد خوێندرایەوە و دواتریش پەخشانێك پێشکەش کرا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە گۆرانیی گۆرانیبێژان و شایی بەشداران کۆتایی پێهات.

## ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان، لە ناوچەی ترۆندهەیم لە نۆروێژ بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی بەفرانبار، کۆمیتە ناوچەی حیزبی دێموکرات لە شاری ترۆندهەیمی نۆروێژ، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو شارە، لە ڕێوڕەسمێکدا ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

سەلیم شێخەپوور بەڕێوەبەری بەرنامە و ئەندامی کۆمیتە ناوچەی ترۆندهەیم، ڕیزبەندی بڕگە و بابەتەکانی ڕێوڕەسمەکەی بۆ بەشداران خستە ڕوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی یەك خولەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەشەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کۆمیتەی ناوچەی حیزبی دێموکرات لە ترۆندهەیم بەبۆنەی ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامـەزرانـی کۆماری کوردستان، لەلایەن «فەرەیدوون میرزایی»یەوە خوێندرایەوە و دواتریش پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی ئەو شارە لەلایەن «بێکەس بەرواری»یەوە پێشکەش کرا.

دواتـر ٦٧ مـۆم بەنیشانەی ٦٧ەمـیـن سـاڵـڕۆژی دامـەزرانـی کۆماری کوردستان، لەلایەن نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان داگیرسان.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی تیرۆری سێ چالاکی سیاسیی کورد

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە پاریسەوە بڵاو بوونەوە شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩١ی هـەتـاوی، بـەرانـبـەر بە ٩ی ژانوویەی ٢٠١٣ی زایینی، سێ خوشکی کورد بە ناوەکانی ساکین جانسیز، ڤیدان دۆغان و لەیلا سویلەمەز، کوردی کوردستانی تورکیە کە خاوەنی ڕابردووی تێکۆشانی سیاسی و مافخوازی بوون، لە شاری پاریس پایتەختی وڵاتی فەڕانسە کەوتنە بەر هێرشێکی تیرۆریستی و بە گوللە گیانیان لێ ئەستێندرا و لە بەرە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ٢١ی بەرفرانبار تەرمی قوربانییانی ئەو تیرۆرە دۆزرایەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بەداخ بوونی خۆی لەو ڕووداوە ڕادەگەیەنێ و هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەس و کار و دۆستانی ئەو قوربانییانە دەردەبڕێ و هیوادارە کە وەزارەتی نێوخۆ و دەزگا پێوەندیدارەکانی پۆلیسی فەڕانسە هەر وەك ڕایانگەیاندووە، لێبڕاوانە شوێن پێی تیرۆریستەکان هەڵبگرن و تەسلیمی دادگایان بکەن و بە بیروڕای گشتیی جیهانیان بناسێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٢ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی
١١ی ژانوویەی ٢٠١٣ی زایینی

## پەیامی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایان بەبۆنەی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی پارێزگای کرماشان

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان، مامۆستایان و قوتابییانی نیشتیمانپەروەر،

پڕ ئاشکرایە زمان سەرەکیترین لقی کەلەپوور و ئامرازێکی گرینگە بۆ پێوەندی کردن و هەروەها گەورەترین پێناسەی بوونی هەر تاك و نەتەوەیەکە، ئێمەی کوردیش وەك سەرجەم نەتەوە و مرۆڤەکانی ئەم جیهانە، خاوەنی زمانی خۆمانین و ئەم زمانەش لەگەڵ سەرجەم گرفت و قۆرغێك کە لە مێژووی پڕچەوسانەوەی گەلەکەماندا لەگەڵی ڕووبەڕوو بووەتەوە، هەر بە پاراوی ماوەتەوە و دەرخەری حەز و تاسە و پێناسەی نەتەوایەتیمان بووە.

کۆماری ئیسلامی وەك نیزامە دیکتاتۆرەکان هەتا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆسپی خستووەتە سەر ڕێی گەشەی زمانەکەمان و نکۆڵی لە خوێندن و گەشەی زمانی کوردیی کردووە.

لەدوایین هەنگاودا، بەڕێوەبەرانی پەروەردەی پارێزگای کرماشان، کە بەپێی بەڵگە ئاشکرایەکان هەستی نیشتمانپەروەری ئێستا لەم پارێزگایەدا بەرەو گەشەیەکی کەم وێنە دەڕوات، بە دەرکردنی نامەیەکی مەحرەمانە، بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی ئەم پارێزگایە بە شێوەیەکی زۆر بێشەرمانە، گوشاریان خستۆتە سەر مامۆستایانی ئەم پارێزگایە کە بۆیان نییە لە قوتابخانەکاندا بە هیچ شێوازێك بەزمانی کوردی بدوێن.

ئێمە وەك یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکومکردنی ئەم هەنگاوە و هەنگاوی لەم چەشنە لەلایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، داوا لە سەرجەم دایك و باوکانی خۆشەویست و مامۆستایان و قوتابییانی کورد و نیشتمانپەروەری پارێزگای کرماشان و سەرجەم کوردستان دەکەین لە هەمبەر ئەم کردەوە بێدەنگ نەبن و بەکردەوە ئەم پێشێلکارییە مەحکووم بە نەمان بکەن و بەردەوام بن بە گەشەدان بە زمانی نەتەوییمان لە قوتابخانەکاندا و تەسلیمی ئەو چەشنە داوایانە نەبن.

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران
٢١ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی

## زمانی کوردی لە قوتابیان قەدەغە کرا

ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی کرماشان لە بەخشنامەیەکدا، ئاخاوتن بە زمانی کوردی لە سەرجەم قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندنی ئەو پاریزگایەی قەدەغە ڕاگەیاند.

بەپێێ هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی بەفرانبار ئیدارەی پـەروەردە و بارهێنان لە بەخشنامەیەکدا هۆشداری بە سەرجەم مامۆستای قوتابخانەکانی ئەو پارێزگایە داوە کە لە کاتی وانە وتنەوەدا بە زمانی فارسی قسە بکەن و بە هێچ شێوەیەك زمان و زاراوە کوردییەکان بەکار نەهێنن.

بەپێێ ئەو بەخشنامەیە کە نوسخەیەکی لەلایەن هەواڵنێرمانەوە بە ئاژانسی کوردپا گەیشتووە، بەمەبەستی پەرە نەگرتنی زمانی کوردی و برەودان بە چەمك و دەستەواژەی زمانی فارسی لە ناوچە کوردنشینەکان، سەرجەم مامۆستای قوتابخانەکان ئەرکدار کراون کە لە ئاخاوتن بە هەر زمان و زاراوەیەك جیا لە زمانی فارسی خۆ ببوێرن.

## چاوپێکەوتن و دانیشتنەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بەردەوامە

ڕۆژی ٥شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی بەفرانباری١٣٩١ی هەتاوی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستی بەرێز مستەفا هیجریی پێشوازیی لە هەیئەتی هاوڕێیانی پێشوو کرد.

لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی پێشوودا باسێکی سیاسی لە سەر ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرسە پێوەندیدارەکان بە بزووتنەوەی مافخوازی گەلی کورد بە گشتی، خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە سیاسیو نەتەوەییەکان لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی سیاسییان، کرا.

لەو دانیشتنەدا لە سەر بـەردەوام بوونی خەباتی ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی سووریە و گەلی کورد لەو وڵاتە بە مەبەستی ڕوخاندنی ڕژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد و حیزبی بەعسی سووریە، لێکدانەوەیەکی سیاسی کرا و بەو ئاکامە گەیشتن کە دوای ڕووخانی ئەم ڕژێمە ڕەوشی سیاسی کورد، بەرەو باشی دەڕوا و گەلی کورد بە لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتەکەی، بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی سیستمی نوێ وڵاتی سوریەدا دەگا.

هەرلە پەیوەندی بە پرسی کورد و وتوویژی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە لەگەڵ دەوڵەتی ئەو وڵاتە باس کرا و ئەم پرۆسەیە،بە ڕێگەی چارەسەری ئەرێنی کێشەی کورد لەو وڵاتە زانرا و هەر دوو لا لەو باوەڕەدا بوون کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجە سیاسییەکان لە تورکیە دەتوانێ هەنگاوی چارەسەری ئەم مەسەلەیە خێراتر بکات و پیلانی نەیارانی ئاشتی نەزۆك بکاتەوە.

لە درێژەی ئەم لێکدانەوەدا، ڕەوشی ئاڵۆزی عێراق، ململانی لایەنە سیاسی و ئایینییەکانی عەرەب لەم وڵاتە، پرسە چارەسەر نەکراوەکانی کورد، وەك مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و مەسەلەی ناوچە کوردستانیەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی باسکرا و لەم پەیوەندیشدا سیاسەت و هەڵوێستەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و گرتنەبەری دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بە سیاسەتێکی واقیعبینانە هەڵسەنگێندرا، و لەو باوەڕەدا بوون ئاکامی ئەم سیاسەتە جێگەو پێگەیی کورد لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش دەبات.

خاڵێکی سەرەکیی دیکەی ئـەم دانیشتنە ئـاوڕدانـەوە لە ڕەوشـی سیاسیی ئێران و کوردستانی ئێران و ئەو قەیرانانە بوو کە ڕێژیمی کۆماریی ئیسلامی لە ئاکامی سیاسەتی سەرکوت، زەبر و زەنگی لەگەڵ ئۆپوزسیونی ئێران و گەلانی ماف پێشێلکراوی ئێران و بەردەوام بوونی لە پیتاندنی ئۆرانیوم و سیاسەتی یارمەتی کردن بە تیرۆریزم و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی وەك ڕێژیمی بەعسی سووریە بوو، کە ئەو ڕێژیمەی زیاتر لە ئاستی نێوخوی و نێونەتەوەییەوە، تەریکتر خستوەتەوە و هەروەها گوشارە ئابوورییەکانی سەر ڕێژیم لە لایەن کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە ئەم ڕێژیمە لە بواری ئابووریشدا شپرزەتر کردووە.

هەروەها لەو دانیشتنەدا باس لەوە کرا کە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان و سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان لە بەرانبەر، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لەحاڵی گەشەکردن و بەرەوپێش چووندان و ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان ئەوەیە زیاتر گرنگی بە دیالوگ بە ئامانجی هاوکاری لەسەر خاڵە هاوبەشەکان لە بەرانبەر ڕێژیمدا بدەن و بە گوتارێکی هاوبەشەوە لە ڕاگەیەنەکانیاندا سیاسەتەکانی ڕێژیم لەقاو بدەن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەن، بەتایبەت ئەو چاوەڕوانییەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئازادیخوازی ئێران لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتیان هەیە، پێڕەوی لە سیاسەتێك بکەن زیاتر دەرەتان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران برەخسێنێ، و لەسەر ئەم سیاسەتەش پێداگری کرایەوە.

کۆبوونەوەکە لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتایی پێهات و لەسەر درێژەدان بە کۆبوونەوەکان و تاوتۆی کردنی پرسە گرینگەکان جەخت کرایەوە.

## کۆتاییهاتنی سەرکەوتوانەی دەورەی ٢٠٥ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان

ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠٥ی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەشداریی بەڕێز «دوکتور میرۆ عەلیار» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان، لە ساڵۆنی فێرگەی سیاسیی ـ نیزامیی کۆمیسیۆنی پەروەردە، بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» لەلایەن بەشدارانی دەورەی ٢٠٥ی سەرەتاییەوە دەستی پێکرد.

پاشان دوکتور میرۆ عەلیار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامێکیان بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

د. عەلیار لە پەیامەکەیدا وتی: «ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ٣٣ ساڵە بە هەموو توانا و ئیمکاناتییەوە هەوڵ بۆ ئەوە دەدا کە لاوانی کورد لە سیاسەت دوور ڕاگرێ، هەستی نەتەوایەتییان تێدا لاواز بکا و وابکا کە لاوان بەرامبەر بە چارەنووسی نەتەوەکەیان کەمتەرخەم بن، هەست بە بەرپرسایەتی نەکەن و لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەیاندا بەشداری نەکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.»

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەشدارانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، سروودێکیان لەژێر ناوی «من پێشمەرگەی کوردستانم» وتەوە و دوابەدوای ئەوەش ڕاپۆرتی ئاموزشی دەورەی ٢٠٥ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن «بوداق بوداقی» مامۆستای دەورەوە خوێندرایەوە.

«ئـازادی» نـاوی شیعرێك بوو کە لەلایەن «دانیال ساعیدی» بەشدار بووی دەرەوە پێشکەش کرا و پاشان پەیامی دەورەی ٢٠٥ی سەرەتایی لەلایەن «سلێمان ئەحمەدی»یەوە خوێندرایەوە.

دواتر باشترینەکانی دەورە لە دوو بواری ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە و وانەکانەوە خەڵات کران.

لە بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی پێشمەرگەدا، ڕێژەی نیزامیی بەشدارانی دەورە نمایش کرا.

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شاری قەڵادزێ بەڕێوەچوو



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٧مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداریی بەڕێز «تەیموور مستەفایی» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەیەك لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە شاری «قەڵادزێ» لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان بەڕێز تەیموور مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات وتاری خۆی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد و لە نێو قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە دەسکەوتە مێژووییەکانی کۆماری کوردستان، وتی: ئێمە پێویستە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بەپێی هەلومەرجی ئەو کاتی ئێران، کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵسەنگێنین و بە لەبەر چاو گرتنی شەڕی دووهەمی جیهانی و ئاستی وشیاری و تێگەشتنی گشتی لە هەموو بوارێکەوە و لەو سەردەمەدا، هەڵسەنگاندن بۆ کۆمار بکەین.

بەڕێز مستەفایی لە قسەکانیدا وتی تایبەتمەندییەکانی کۆمار بووەتە هۆی ئەوە کە ئێستا گەلی کورد بەگشتی لە هەرچوار پارچەی کوردستان، شانازی بە کۆمارەوە بکات و کۆماری کوردستان بۆ بزوتنەوەی کورد بۆتە ئیلهامدەر.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودێك لەژێر ناوی «کوردستان» کە لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئامادە کرابوو، پێشکەش بە بەشداران کرا.

دواتر بە بۆنەی ٦٧مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پەیامی هاوبەشی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی کۆیە، پشدەر و بتوێن، لەلایەن «ڕەحیم ڕەسوولی»یەوە خوێندرایەوە و دوابەدوای ئەوەش پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن «قاسم فەرهوودی»یەوە پێشکەش کرا.

لەم ڕێوڕەسمەدا چەندین تابلۆی هەڵپەڕکێی کوردی لەلایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە نمایش کرا.

هەر لەو پێوەندییەدا ژمارەیەك پەیام و برووسکەی پیرۆزبایی حیزب، لایەن و کەسایەتییەکان بۆ ڕێوڕەسمەکە نێردرابوو کە ناوەکانیان لە ڕۆژنامەی کوردستان پارێزراوە.

## برینداربوونی کۆڵبەرێکی کورد لە سەردەشت بەهۆی تەقەی هێزە ئینتزامییەکان

ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانبار، هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کۆڵبەرێکی کوردیان بەناوی «سمکۆ ئەحمەدی» کوڕی کەریم، تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی شاری سەردەشت، لە گوندی «بێتووش»ی سەردەشت داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا بە توندی بریندار بووە.

یەکێك لە شایەتحاڵانی ڕووداوەکە بە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا»ی ڕاگەیاندووە، سمکۆ ئەحمەدی لەلای پشتیەوە بە توندی بریندار بووە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری «قەڵادزێ» لە هەرێمی کوردستان کراوە.

## لە چارەنووسی هاووڵاتییەکی دەسبەسەر کراوی خەڵکی سەڵماس هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە

هەواڵدەریی هرانا بڵاوی کردەوە، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی «شەهرووز مامەدی» کوڕی سەعید، خەڵکی گوندی «ئاق بەرزە»ی سەڵماس و تەمەن ٣٩ ساڵ، پاش یەك حەوتوو بانگهێشت و دەسبەسەر کران، لە چارەنووسی هیچ زانیارییەك لەبەر دەستدا نییە. ناوبراو بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ئەمە لەحاڵێکدایە کە باوکی شەهرووز چەندین جار سەردانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی کردووە بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتووەتەوە.

## ئیبراهیم حوسێنپوور سەرەڕای تەواوبوونی حوکمەکەی، هێشتا لە زینداندایە

هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ئەم زیندانییە سیاسییە ٥ مانگە حوکمەکەی تەواو بووە، بەڵام هێشتا بەبیانووی ون بوونی پەروەندەکەی، لە زینداندا ڕاگیراوە.

حوکمی ئازاد بوونی ئیبراهیم حوسێنپوور ماوەی ٥ مانگ پێشتر لەلایەن دادگای ئینقلابی مەهابادەوە ڕەوانەی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج کراوە، بەڵام بەرپرسانی ئەو زیندانە لە ئازاد کردنی ناوبراو خۆ دەبوێرن.

سەرچاوەکە بڵاویشی کردووەتەوە، ڕاگیرانی ئەم زیندانییە سیاسییە کوردە لە کاتێکدایە کە بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەی بەرپرسانی زیندان، باری تەندروستیی ناجێگیرە و پێویستیی بەوە هەیە بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی دەرەوەی زیندان بکرێت.



ناوبراو سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە شاری مەهاباد دەسبەسەر کرا و لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری مەهابادەوە سزای ١٦ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا و هەنووکە سەرەڕای تەواو بوونی ماوەی حوکمەکەی، بەرپرسانی زیندان لە ئازادکردنی ناوبراو خۆ دەبوێرن.

## کرێکارێکی کوردی کارخانەی پێترۆشیمیی شاری مەهاباد، گیانی لەدەست دا

کرێکارێکی کارخانەی پێترۆشیمیی شاری مەهاباد بەهۆی نەبوونی ئامرازی ئیمەنیی کرێکاران، گیانی لەدەست دا.

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان بڵاوی کردەوە، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی «شێرزاد سایلی» کە دانیشتووی گوندی «وسوو کەند»ی سەربە شاری مەهابادە، تەمەنی ٢١ ساڵە و کرێکاری کارخانەی پێترۆشیمیی شاری مەهابادە، کە بەهۆی نەبوونی ئامرازی ئیمەنیی کرێکاران لە شوێنی کارەکەیدا، گیانی لەدەست دا.

## هێزە ئیتلاعاتییەکان چالاکێکی مەدەنیی کوردیان لە شاری «دێولان» دەستبەسەر کرد

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانبار چالاکێکی مەدەنی بە ناوی «سیروان حوسێن پەناهی» تەمەن ٢٤ ساڵ و خەڵکی گوندی «قوروچا» لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە لە ماڵی باوکی خۆی لەو گوندە دەستبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

## هاووڵاتییەکی کورد لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەوە دەسبەسەر کرا

کۆمیتەی هاوئاهەنگیی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان بڵاوی کردەوە، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی بەفرانبار یەکێك لە شۆفیرەکانی شیرکەتی «پیمانکاری جهاد توسعە» بەناوی کۆمار خدری بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراوە و هەتا ئێستا لە چارەنووسی ناوبراو زانیارییەك لەبەر دەستدا نییە.

بەپێی ئەم سەرچاوەیە، ناوبراو پێشتریش لە خۆپیشاندانی شۆفیرەکانی «شرکەتی جیهادی تەوسعە» بە مەبەستی وەرگرتنی مووچەی دواکەوتوویان، کە ئەمساڵ بەڕێوەچوو، بەشداریی کردبوو.

## مامۆستایەکی کورد لە شاری شنۆ دەسبەسەر کرا

ئازاد ڕەسووڵنژاد مامۆستا و خوێندکاری کارناسیی باڵای ماف لە زانکۆی مەراغە، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەلایەن حراسەتی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری «شنۆ»وە بانگهێشت و دەسبەسەر کراوە و پاشان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات ڕاگوێزراوە.

ئاژانسی هەواڵدەریی «موکریان» بڵاوی کردەوە، ئەو هاووڵاتییە دوای ماوەیەك ڕاگیران لە ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ، بە تۆمەتی چالاکی دژی تەناهیی نەتەوەیی بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی ورمێ ڕاگوێزراوە.

## چالاکێکی کرێکاری لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهابادەوە، بانگهێشت و دەسبەسەر کرا

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانبار، یووسف خەرابات، چالاکی کرێکاری و ئەندامی کۆمیتەی هاوئاهەنگی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهابادەوە بانگهێشت کرا.

پێشتریش هەر لەم پێوەندییەدا، محەممەد مەولانایی و واحید سەیدە، دوو چالاکی کرێکاریی دیکە لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهابادەوە بانگهێشت و دەسبەسەر کران و سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەکانیان هیچ زانیارییەك لەسەر ناوبراوان لەلایەن ناوەندە پیوەندیدارەکانەوە ئاشکرا نەکراوە.

## لە شاری کۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا کوژرانی سێ ژنە چالاکی کورد و هەروەها ئیعدامی چالاکانی کوردی کوردستانی ئێران، مەحکووم کرا

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەك بە مەبەستی مەحکووم کردنی تیرۆری سێ ژنە چالاکی کورد لە پاریس و هەروەها سزای سێدارە لە کوردستانی ئێران، بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خوێندنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی یەك خولەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی کەمپەینی «مەحکوومکردنی تیرۆر و لە سێدارەدانی چالاکانی کورد لە هەرێمی کوردستان» لەلایەن «خالید حاجی مەلا»وە خوێندرایەوە.




لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان» خوێندرایەوە. کۆبوونەوەکە بە سروودێکی نیشتمانی کۆتایی پێهات.

## ٥ هاووڵاتیی کورد لە شارەکانی ڕوانسەر و مەریوان دەسبەسەر کران

هەواڵدەریی کوردپا بڵاو کردەوە، ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانبار هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هاوکاریی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم لە پاسگای گوندی «بەردە ڕەشە» لە مەریوان، ٤ هاووڵاتیی دانیشتووی گوندی «سەیفی خواروو»یان دەسبەسەر کردووە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە شاری ڕوانسە لە پارێزگای کرماشان، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی «ئارام بەهرامی» کوڕی محەممەد ئەمین و تەمەن ٢٥ ساڵ و دانیشتووی شاری کرماشان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کرا.

## کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەی سەردەشت کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢١ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، مستەفا مستەفانژاد خەڵکی ئاوایی «وەڵیو»ی سەربە ناوچەی ڕەبەت و دانیشتووی شاری سەردەشت بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لە هەمان ڕۆژدا لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شاری سەردەشت لە گۆڕستانی شار بەخاك سپێردرا.

خوالێخۆشبوو ماوەی ٤ ساڵ لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێشمەرگە بوو.

مستەفا مستەفانژاد ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بۆ ماوەی ٥ مانگ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەسبەسەر کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری نابراو دەکات و خۆی لە پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناوی کەلۆڕ کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، کەسایەتییەکی خۆشناوی کەلۆڕ بەناوی «مەنوچێهر ڕەشیدپوور» کوڕی محەممەد بەهۆی پیری و نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو مرۆڤێکی لێهاتوو، نەتەوەپەرست و ئاشتیخوازی شاری گیلانغەرب بوو و هەمیشە نەتەوەی کوردی بە نەتەوەیەکی مافخوراو و چەوساوە دەزانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری مەنووچێهر ڕەشیدپوور دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# سەرۆک کۆماری کوردستان



■ سۆران کەرباسیان

دەوڵەتی جمهوری کوردستان کە لە سەر ئیرادە و ویستی زۆرینەی ئێلیت و نوێنەرانی نەتەوەی کورد بە پێی بوار و هەل و مەرجی رەخساو راگەیێندرا، لە جوانترین وێنەکانی شۆڕشی ڕامیاری نەتەوەی کورد دەژمێردرێ. ئەو ڕاگەیاندنەش پێویستی بە کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ وەك پێشینەی ویستی نەتەوەی کورد، نەبوونی هیچ چەشنە دڵخۆشییەك بە وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، ئێلیت و ڕووناکبیر، سەرکردەی ووشیار و کاریزماتیك، هەل و مەرجی تایبەتی رەخساو لە لایەن هێزی نێوخۆی کورد و زلهێزانی ئەو سەردەم و ...هەبوو. حەوجێ دەکا لە سەر هەر کام لە فاکتەرە کاریگەرەکان شرۆڤە و وردبوونەوە بکرێ تا بتوانین وێنەیەکی زۆر نزیکتر لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆمار ساز کەینەوە. لێرە هەوڵ دەدرێ بە کورتی ئاوڕێك لە سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان بدرێتەوە و پێداچوونەوەی مژارەکانی دیکە دەهێڵینەوە بۆ داهاتوو.

ناوی سەرۆکی کۆماری کوردستان کە زۆرینە بە ناوەکانی قازی موحەممەد و پێشەوای ناو دەبەن، «محمد همام قازی» بوو. رەوانشاد «میرزا خلیل فتاح قازی» کە پەرتووکی مێژووی بنەماڵەی «قازی» لە ڕووی یادداشتەکانی ئەو بە چاپ گەییشتووە، لەم پێوەندیەدا فەرمووبووی: «خوالێخۆشبوو میرزا عەلی قازی، دوو کوڕی هەبوو: ١- میرزا محەمەدی هومامی قازی کە دواتر بە قازی محەمەد، نێوبانگی دەرکرد. ٢- ئەبولقاسمی سەدری قازی.»[١][٢][٣]

پێشەوای کوردان یەکەم چالاکیی رامیاری خۆی بە فەرمی کاتێك دەست پێ کرد کە پاش داواکارییەکی زۆر لە لایەن نیشتمانپەروەران و ئێلیتی کورد، قبووڵی کرد تا سەرۆکایەتی ک. ژ. ك بە دەست بگرێ. لە دواییشدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر هەمان بنەمای تەشکیلاتیی ک. ژ. ك لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی ک. ژ. ك ڕاگەیەندرا، وەك سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا.[٤] لە دەرفەتێکی گونجاودا پاش هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە و پێویستییەکی مێژوویی، ئەم حیزبە وەك یەکەم حیزبی مۆدێرنی نەتەوەی کورد توانی بە هاریکاری سەرجەم ئەو کوردانەی کە بواری بەشدارییان هەبوو، دەوڵەتی جمهوری کوردستان ڕابگەیێنن و جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمدا سەروەرترین ئاڵتێرناتیڤی نەتەوەی کورد بوو، وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا.

پێشەوای کوردان لە بنەماڵەیەکی زانا، دەوڵەمەند و خاوەن ڕێز پەروەردە ببوو بەڵام ئەمانە هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەو وەك ڕێبەری نەتەوەکەی نەبوون، بەڵکوو کەسایەتی تایبەتی ئەو و لێهاتوویی و توانای بەرزی ئەو هاندەری سەرەکی جەماوەر بوون تا ئەو وەك سەرۆکی خۆیان هەڵبژێرن.

یەك لە ئەرکەکانی سەرۆك ئەوەیە کە کۆمەڵگا وشیار بکاتەوە، ورەیەکی بەرزی هەبێ و لە بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانیدا بە سەر گرفتەکاندا زاڵ بێ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا هەڵسووکەوت بکا. جەنابی پێشەوا وەك بەڵگەکانی کۆماری کوردستان پشتڕاستی دەکەنەوە، بەردەوام لە ڕێگەی قسەکردن و بەڕێوەبردنی کۆڕەوە، هەوڵی وشیارکردنەوەی جەماوەری دەدا.[٥] ئەو بە تێبینی و هەڵسەنگاندنی دروستەوە کەسایەتییەکانی بۆ پراکتیزەکردنی پلانەکانی هەڵدەبژراد کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی، رامیاری، ئابووری و ئەرتەشیدا ڕەنگیان داوە. سەرۆکێکی سەرکەوتوو لە ڕەوشی نالەبار و شپرزەدا هەوڵ دەدا کەمترین ئازار و زەرەر بە کۆمەڵگا بگا. زۆرینەی سەرچاوەکان و فاکتی بەر دەست ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە سەرۆك کۆماری کوردستان لە کاتێکدا کە ئیتر ڕێگەی درێژەی ژیان بۆ دەوڵەتی کوردستان نەمابوو، خۆی کردە قوربانی هەموو نەتەوەکەی،[٦] و قبووڵی ئەوەی نەکرد نەتەوەکەی وڵامدەری بەرپرسیارەتییەك بێ کە خۆی پەژراندبووی. جەنابی پێشەوا لە دوایین قسەکردنی دەگەڵ جەنابی ژێنێراڵ مستەفا بارزانی، کاتێك کە داوای لێ کرابوو تا دەگەڵیان بڕوات، فەرمووبووی: «پێم باشترە لە نیشتمانی باب و باپیرانی خۆم بکوژرێم و خەڵك لە ناخۆشی و تەنگانەدا بە تەنێ بەجێ نەهێڵم.»[٧] سەرکردەیەکی سەرکەوتوو هەرکات هەوڵ بۆ یەکگرتوویی دەدا، بڕوای بە ئامانج و قازانجی گشتی نەتەوەکەی هەیە و لە پێناو بەرپرسیارەتیدا ڕادەوەستێ و خۆی ناشارێتەوە. نوتقەکانی جەنابی پێشەوا کە بەشێکی بەرچاویان لە ڕۆژنامەی کوردستان بە چاپ گەیشتبوون، ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە جەنابی پێشەوا لە هەر دەرفەتێك بۆ پتەوکردنی ڕۆحی یەکگرتوویی و تەبایی نێوان هێزی کوردی لە تێکۆشان دابوو.

سەرۆك پێویستە خۆشەویست بێ و لە رووی پلەی سامان و زۆرەوە خۆی بە سەر کۆمەڵگادا نەسەپێنێ. زۆر ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ئاوێنەیەکن لە ئەوین و خۆشەویستی جەماوەری کورد بەرانبەر سەرۆك کۆماری کوردستان. کاتێك سەرنج بە ڕەوشی ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوە لەو سەردەمدا دەدەین، گومان لەوەدا نامێنێتەوە کە ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی کۆمەڵگا بەرانبەر جەنابی پێشەوا نەك لە ڕووی ترس، بەڵکوو لە بەر هەڵسووکەوتی دێمۆکراتانە و ژیاری جەنابی «محمد همام قازی» بوو و دەسەڵاتی کۆماریان بۆ داسەپاندنی بۆچوون و حەزی خۆیان بە سەر زۆرینە دەکار نەگرتبوو. کۆماری کوردستان بە مەبەستی دابینکردنی گارانتییەك بۆ بەرگری لە توناکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و ئاسایەشیان ڕاگەیێندرابوو، نەك بە مەبەستی بەرژەوەندی بنەماڵەیی یان تاکەکەسی.[٨] هونەری سەرۆکایەتی جەنابی پێشەواش زۆرتر لەوەدا ڕەنگی دابۆوە کە هەڵسووکەوتەکانی هەڵگری پەیامی شارستانی نەتەوەکەی بوون. دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار نەك بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی ئەو پێك نەهاتبوو، بەڵکوو لە زۆر بوارەوە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەشی خستە پێناو بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی. جیا لەوە کە بیری نیشتمانپەروەری سەرۆك کۆمار هاندەری ئەو بوو تا لە خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەکەیدا هەنگاو بنێ، بە هۆی ئەوە کە پێشتر دادوەرێکی لێهاتوو و کارامە بوو، توانیبووی لە سەر ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی تاك لە کۆمەڵگادا کاریگەری بێ وێنەی هەبێ. زۆرینەی نوتقەکانی جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمدا تۆمار کران، سەلمێنەری ئەوەن کە گوتاری ئەو لە سەر بنەمای ماف و دادپەروەری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی ساغ ببۆوە. زۆر کەس لە مێژوودا بە مێدالیا و تاج و نیشانی سەیر و سەمەرە هەوڵی ئەوەیاندا خۆیان لە بەر چاوی کۆمەڵگادا زەق و بەرچاو و جوان نیشان بدەن بەڵام خۆشەویستی و ڕێزێك کە ئەمڕۆکە لە لایەن نەتەوەی کوردەوە لە جەنابی پێشەوا دەنوێنرێت، تەنیا لە بەر دادپەروەری و خۆقوربانیکردنی ئەوە. بە کورتی دەکرێ بگوترێ کە سەرۆکی کۆماری کوردستان لەو سەردەمدا وێنەی ئیرادەی نەتەوەکەی دەنەخشاند و ئێستاش لە خۆشەویستترین سەرکردەکانی نەتەوەکەی دێتە ئەژمار.

بڕیاری کۆتایی جەنابی پێشەوا کە خۆبەختکردن لە پێناو پاراستنی ئاسایەشی نەتەوەکەی بوو، سەلمێنەری ئەم ڕاستییە کە لە لای ئەو ئەرك و بەرپرسیارەتی، سەروەری بە سەر خۆخوازی و بەرژەوەندی شەخسیدا هەبوو. سەرۆکێکی سەرکەوتوو هەرکات هەست بە لێپرسینەوە لە بەرانبەر گەل و مێژوودا دەکا، هەر بۆیە لە هیچ چەشنە سزا و خەسارێکی شەخسی ناترسێ و خۆبەختکردن لە پێناو بەرپرسیارەتیدا بە گیان و دڵ قبووڵ دەکا.

بوێری و غیرەت پێویستە لە گوتار و هەڵسووکەوتی سەرۆکێکدا بوونی هەبێ. ئەمە هێزی بەرزی ڕوانین و هزری سەرکردە دەگەڵ شێوەی دەربڕینەکەیەتی کە لە ناو گەل و مێژوودا دێتە بەر هەڵسەنگاندن. سەرۆك لە دەربڕینی گوتارێك کە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی تێدا بەدی بکرێ، ڕاناوەستێ. هەموو هەڵسووکەوت و گوتارە تۆمارکراوەکانی جەنابی پێشەوا و بڕیارەکانی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە جەنابی پێشەوای کوردان، نەك هەر زانا، خاوەن ڕێز و دڵسۆز، بەڵکوو سەرکردەیەکی بە غیرەت بوو و لە بڕیارەکانیدا بەرژەوەندی نەتەوەکەی بە سەر هەموو هێزی داگیرکەر و زلهێزانی جیهانیدا سەروەر کرد.

بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستان پێویستی بە سەرۆکێك هەبوو کە هەم زانایانە هەڵسەنگاندنی لە سەر ڕەوش و ڕووداوەکان کردبا، هەم بڕوای بە دیسیپلین و یاسا هەبوایە و هاوکات لە ناسینی کەسانی دەوروبەری خۆیدا سەرکەوتوو بووبا و زۆر واقعبینانە هەنگاوی نابا. ئەمانە دەبوا بە شێوەیەك لە دەسەڵاتداریدا گڵاڵە کرابان کە سۆز و خۆشەویستی و دادپەروەری بەرانبەر نەتەوە و نیشتمان لە بەر چاو بگیردرێن. ئەرکێکی قورس کە دەگمەن سەرۆکێك لە مێژوودا توانیوێتی سەربەرزانە وەك پێشەوای کوردان، «جنابی حەزرەتی قازی محمد» مێژوو لە پاش خۆی تۆمار بکا.

**سەرچاوە و ژێدەر:**

[١] خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، هەولێر ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، چاپی ئاراس، لاپەڕەی ٩٠

[٢] دووی ڕێبەندانی ساڵی ٢٠١٢ی زایینی کۆپی سێ نوسخەی دەستخەت و ئیمزای ڕاستەقینەی جەنابی پێشەوام بڵاو کردەوە و سەلمێندراش کە هەموو ئەو نامە سیاسییانەی کە بە ناوی سەرۆك کۆماری کوردستان بڵاو بوونەوە، ساختە، جعل و سازکراون.

بڕوانە: سۆران کرباسیان، کۆماری سەربەخۆ و «مستقل»ی کوردستان؛ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان، دووی ڕێبەندانی ٢٠١٢ی زایینی ئۆسلو، لاپەڕەکانی ٤٧ تا ٥١

تێبینی: جیا لەم سێ نوسخەیە نوسخەی دیکەش بۆ بەڵگە لە بەر دەست دایە کە لە داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە.

[٣] نامەیەکی دەستنووسی میرزا «رحمن اویسی»ش لە سەرچاوەی پێشوودا خستراوە بەر چاو کە هەمان زانیاری دروست پشتڕاست دەکاتەوە.

[٤] سۆران کرباسیان، کۆماری سەربەخۆ و «مستقل»ی کوردستان؛ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان، دووی ڕێبەندانی ٢٠١٢ی زایینی ئۆسلو، لاپەڕەکانی ١٢ تا ١٤

[٥] بڕوانە دەقی قسەکانی سەرۆك کۆماری کوردستان لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بۆ وێنە: ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، چاپی مەهاباد، ژمارە ١١، ساڵی یەکەم، بەرواری ٦ی ٢ی ١٩٤٦ی زایینی، لاپەڕەی یەکەم.

[٦] سەرچاوە بۆ ئاماژەکردن لەم پێوەندییەوە زۆرن. هەر بۆ وێنە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، هەولێر ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، چاپی ئاراس، لاپەڕەی ١٥١ و پێشووتر

حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤، لاپەڕەی ١٢٩

فاکتێکی مێژوویی گەلێك بەهێز بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم دەربڕینە هەیە کە پێویستی بە مژاری سەربەخۆ و لێوردبوونەوەی تایبەت هەیە. کاتێك کە حکومەتی پاشایەتی هێرشیان بردە سەر شاری تەورێز تا حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بڕووخێنن، لە هیچ چەشنە جەنایەت و پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ خۆیان نەپاراست. بە سەدان خەڵکی سیڤیل و بێ چەکی تورکیان لە تەورێز کوشت. پەرتووکەکانیان ئاگر تێبەردان و زۆر مەخابن بەزەییان بە ژنان و کچانی بێ تاوانیشدا نەهاتەوە و خستیاننە بەر دەستدرێژی جنسی. بە دڵنیاییەوە گەر پێشەوا خۆی نەکردبا بە قوربانی نەتەوەکەی، هەمان کارەساتی تەورێز لە کوردستانیشدا دوپات دەبۆوە. دوکتوور جمال نەبەز گوتەنی، پێشەوای کوردان گیانی لە سەر بڕوا و ڕێبازی دانا.

[٧] بڕوانە یەکەم ناو و نیشانی ئاماژە پێکراو لە سەرچاوەی پێشوو.

[٨] بڕوانە ژمارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە کۆمەڵێك وتار، دروشم و بابەتی تێدایە کە کەسانی جۆراوجۆر خۆشەویستی جەنابی پێشەوایان لە نێو کۆمەڵگادا هێنابوو سەر زمان و کاغەز.

# «ئامانجی ئێمە»

■ کەیهان یووسفی

**«بە بۆنەی ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دەرکردنی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان.»**

٢٠ی بەفرانبار ٦٧ساڵ لە تەمەنی «ڕۆژنامەی کوردستان»، بەرهەمهێنەری قەڵای ئاسینینی یەکگرتوویی و برایەتی تێپەڕ دەبێت. ئەو قەڵا ئاسینینەی کە سەید موحەممەد حەمیدی، سەرنووسەری یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەروتارە بە نرخەکەی و لە یەکەمین ژمارەدا ئاماژەی پێ دابوو.

لەم وتارە دا بۆ تێگەیشتن لە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چاوێك بە سەروتاری ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان بە پێنووسی سەید موحەممەدی حەمیدی و لە ژێر ناوی «ئامانجی ئێمە»دا دەخشێنین.

موحەممەدی حەمیدی دەنووسێت «لەو ئانەدا کە هەموو نەتەوەکانی گێتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادی خۆیان و ... و لەو وەختەدا کە هەموو نەتەوەکانی عالەم غەیرەز سەربەستی و گەورەیی نیشتمانەکەیان ئامانجێکیان نییە و بە شەو و بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان هەوڵ دەدەن، ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چیە؟»

بێ شك لەو سەردەمەدا و پێش لە دامەزراندنی کۆمار و بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و بە ئاوڕدانەوەیەك لە سەرهەڵدان و هەوڵە سیاسی و ململانێیەکانی نێوان کوردان، بە تایبەت لە کوردستانی ئێران باش بۆمان دەردەکەوێت کە لە نێو کوردان و بە تایبەت لە نێو ئیلیتەکانی کورد و بزووتنەوەکانیشیاندا، تا ئەوکات ئەوەی کە بوونی کەم بوو بیرۆکەی نەتەوەخوازی و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی بوو.

ئەو بۆشاییە دەبوا لەو سەردەمەدا پڕ بکرایەتەوە و بێگومان بۆ لە نێوبردنی دووبەرەکێ و دروستکردنی یەکگرتوویی لە نێو کوردان، بوونی ڕێکخراوێکی سیاسی، پێشکەتوو و مودێڕن پێویستیەکی سەرەکی بوو. تاکوو بتوانێت لە سەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی کۆتایی بە ململانێ و دووبەرەکی نێوان کوردەکان بێنێت و ئەوان بۆ دەستەبەربوونی ئامانجێکی گەورەتر ڕێك و یەك بخات.

هەر بۆیەش موحەممەدی حەمیدی لە درێژەدا دەڵێت: «.... لە پاش ئەوەی بە ئیشارەتی دوژمنان بە نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دیبوکری و گەورك و گەڵباغی و ... کەوتبووینە گیان و ماڵی یەکتر و خوێنی یەکترمان دەمژی و دەڕشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتکێمان نەدەهاتە بەرچاو و هەر خەریك بووین دووبەرەکێ وتەفرەقە بخەینە نێو یەکتر و ... لەو کاتەدا کە زیللەت و دەربەدەری بە نوقتەی ئاخر گەیشت ... ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بوو، وەدەستی بەستراوەمان کراوە، چاوی نووستوومان وە خەبەر هات. کۆمەڵێك لە لاوان و گەنجانی کوردستان کۆبوونەوە و دەستی برایەتی و یەکیەتییان دا دەس یەك، بێوچان سەعیان بە خەرج دا تا حیزبی دێموکراتیان بە وجود هێنا ...».

لە سەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان نووسرا بوو «بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان». هەر بۆیەش حەمیدی وەها باس لە گرینگایەتی لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات دەکات و بێگومان دەوری ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو دەورگێڕی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە و گوتاری حیزبی دێموکرات خاوەن گرنگیەکی تایبەتە.

بێ شك حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا هەنووکە خۆی بە خزمەتگوزاری خەڵکی کوردستان دەزانێت و بەردەوامیش هەر خەڵك و نەتەوەی کورد بوون کە لە گشت قوناغە سەخت و دژوارەکاندا پاڵپشت و یارمەتیدەری حیزبەکەیان بوون، هەر بۆیەش حەمیدی لەم ڕاستایەدا دەنووسێت : «بۆ میللەت کار دەکەین و بەزمانی شیرینی کوردی دەخوێنین، ئەخلاقی خراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاك...».

لێرەدا حەمیدی بە شێوەی زۆر ورد و ناسك باس لە گرینگی ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆڵی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن دەکات. بێگومان دەور و کاریگەری ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن لە سەر ئاکار و ئەندێشەی خەڵك و بەگشتی لەسەر بیروڕای گشتی بەرچاو و ئاشکرایە. ڕۆژنامە دەورێکی سەرەکی دەبێت بۆ جێگیرکردنی ئەندێشەی سەردەمیانە و بەهێزکردنی کولتوور و پاراستنیی و هەروەها زیندووراگرتنی زمان و بردنە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا کە سەرنووسەر لە یەکەم نووسینی و لە یەکەم سەروتاری ڕۆژنامەی کوردستاندا ئاماژەی پێ دەدات.

بێگومان حیزبی دێموکرات وەکوو ڕێکخراوترین پارتی سیاسی کوردی و کۆماری کوردستان وەکوو یەکەمین کیانی سیاسی کوردی تا ئەو سەردەمە، بۆ بڵاو کردنەوەی ئەندێشە و ئامانجەکانییان پێویستیان بە ڕاگەیاندن هەبوو، کە ڕۆژنامەی کوردستان لە تەنیشت ڕادیۆوە بەرپرسایەتیەکی گرینگی دەکەوتە ئەستۆ، هەر بۆیەش سەرنووسەرە پێنووس زێڕینەکەی کوردستان لە درێژەدا وەها باس لەم بەرپرسایەتییە دەکات: «... ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی (ڕۆژنامە) کوردستان دانورا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە. ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو دەبێتەوە. دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساخی داندرا بێت و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکێ و ..... بەربەرەکانێ بکا.»

ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتە و حیزبی دێموکراتیش ئاڵاهەڵگری یەکخستن و ڕێکخستنی کوردانی کوردستانی ئێرانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە نەتەوەییەکان. هەربۆیە ڕۆژنامەی کوردستان ئەرکی هەوڵدانە بۆ دروستکردنی یەکگرتوویی و یەکدەنگی نێوان کوردان لەو سەردەمەوە تا هەنووکە. لە ڕاستیدا ئەمە ڕێبازی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەی کوردستانە. ١١٣ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، لەو سەردەمەدا، ڕازێندراوەتەوە بە هزر و ئەندێشە و هەستی نووسەران و شاعیرانی کوردی لەو ساڵانە و هەروەها نوتقەکانی پێشەوا و پێشهاتەکانی ئەو کات. بۆیە کوردستان لەو سەردەمەدا توانی ببێتە تۆمارکەری ڕووداوەکانی تەمەنە زێڕینەکەی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان بۆ نەوەکانی داهاتوو.

دوای ٦٧ ساڵ کوردستان هەر بڵاو دەکرێتەوە و بڵاوکراوەی فەرمی حیزبی دێموکراتەوە هەر لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە سەید موحەممەدی حەمیدی و هاوڕێیانی بناغەکەیان دانا و ئاواتیان بوو، هەر بەو چەشنە کە حەمیدی دەنووسێت : «هیوامان وایە کە قەڵایەك کە خەریکین قایمی بکەین: وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێك نەتوانێ بەربەرەکانێی لە گەڵ بکا.».

بێ شك ئەو قەڵایە ئێستا بە هێزە و ئەوەیش بیرۆکەی نەتەوەییە لە نێو کوردان، کە دوژمنان بە گشت هێزیانەوە زۆریان هەوڵ دا تێیدا بەرن بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو بیرۆکەیە خەریکە گەشە دەکات و پەرەدەستێنێ، بێگومان ڕۆژنامەی کوردستان بەو مێژووە زێڕینەو و بەو شێلگیربوونیەوە دەورێکی سەرەکی هەبووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی نواندووە.

# گرانیی پێداویستییەکان و بەشمەینەتییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

توندترکردنی تەحریمەکان لە لایەن وڵاتانی ئامریکا و ئۆرووپا و هێندێك لە وڵاتانی دیکە، بە دژی سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ پەرەپێدانی ئۆرانیۆم و زیادکردنی سانتریفیوژەکان وپێشێلکردنی مافی مروڤ ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە.

هەروەها لە لایەك بە هۆی گەمارۆی نێونەتەوەیی هەمەلایەنە، فرۆش و هەناردەی نەوت و گاز زۆر کەمی کردووە و بانکی ناوەندەی توانای وەرگرتنی پارەی فرۆشی هەناردەی نەوت و گازی بە دۆلار نییە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان لە لایەن دەوڵەتی مەحموودی ئەحمەدی نژادەوە، بە هۆی بەرزبوونەوەی قیمتی کاڵا و خزمەتگوزاریی گشتی وکورتهێنانی بودجەی ساڵانە کۆڵەکەکانی ئابووری ئێران تێکقرماوە و دەیان کارگە و کارخانەی بەرهەمهێنان داخراون و بە هەزاران کرێکار بێکار کراون.

ئێستا بەرزبونەوەی قیمەتی کاڵا و خزمەتگوزاریی گشتی و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە خەڵك وبێکاری، ئاوسانی سەرسووڕهێنەر و گەندەڵی ئابووری، ژیانی خەڵکی هەژار و زحمەتکێشی کوردی تووشی ئاستەم کردووە.

لە ئابووری تێکقڕماو و شپرزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، دەبینین لە ماوەی ساڵی پار و ٦مانگی ئەمساڵدا قیمەتی کاڵا و خزمەتگوزاریی گشتی و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵك دووقات و تەنانەت سێ قاتیش بووە.

> **ئاوسانی سەرسووڕهێنەر و گەندەڵی ئابووری، ژیانی خەڵکی هەژار و زحمەتکێشی کوردی تووشی ئاستەم کردووە**

لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی ئاماژە بە قیمەتی هێندیك کاڵای سەرەکیی ژیانی خەڵك لە بازاری شارەکانی کوردستانی ئێران بە بەراورد لە گەل پار و ٦مانگی ئەمساڵدا دەکەین:

- قیمەتی یەك کیسە برنجی ١٠ کیلۆیی ٦٣٥٠٠ تمەن بە بەراورد لەگەڵ ٦ مانگی ئەم ساڵدا ٣ بەرابەر بوو.
- قیمەتی یەك چەلەنگ ڕۆنی ١٧ کیلۆیی ٦٨٠٠٠ تمەن بە بەراورد لەگەڵ پاردا ٢/٥ بەرابەر بووە.
- قیمەتی یەك کیلۆ گۆشتی سوور ٢٢٥٠٠ تمەن بە بەراورد لەگەڵ ٦ مانگی ئەمساڵدا ٢ بەرابەر بووە.
- قیمەتی یەك حەبنان ١٣٥ تمەن بە بەراورد لەگەڵ پاردا ١/٥ بەرابەر بووە.
- قیمەتی یەك کارتۆن تاید ٨٣٠٠٠ تمەن بە بەراورد لەگەڵ ٦ مانگی ئەمساڵدا ٣ بەرابەر بووە.
- قیمەتی یەك کیلۆ لوبیا سپی ٦٠٠٠ تمەن بە بەراورد لەگەڵ ٦ مانگی ئەمساڵدا ٣ بەرابەر بووە.
- قیمەتی یەك کیلۆ نۆك ٥٠٠٠ تمەن بە بەراورد لەگەڵ ٦ مانگی ئەمساڵدا ٣ بەرابەر بووە.
- قیمەتی یەك کیلۆ چای ١٥٠٠٠ تمەن بە بەراورد لەگەڵ ٦ مانگی ئەمساڵدا ٣ بەرابەر بووە.

هەروەها بەرزبوونەوەی قیمەتی دەوا و دەرمان و نەبوونی بەشێکی زۆر دەوا و دەرمان لە نەخۆشخانەکانی دەوڵەتیی، بەهۆی گرفتی ماڵی و کەمی بودجەی نەخۆشخانەکان، نەخۆشەکانی ناچار کردووە ٧٠٪ی دەواو دەرمانەکان بۆ خۆیان لە بازاری ڕەشدا دابینی بکەن.

ئێستا لە بەشێك لە نەخۆشخانەکانی دەوڵەتیی شارەکانی کوردستانی ئێران، خەڵکیان لە هێندێك خزمەتگوزاری وەك ئەندێسکۆپی (MRI) سی تی ئێسکەن و هێندێك تاقیکاری بێبەش کردووە یان قیمەتەکەیان بەرز کردووەتەوە، بۆ نموونە قیمەتی یەك جار وێنە هەڵگرتنەوە بە دەزگای MRI، لە ١٧٧ هەزارتمەن بۆ ٤٠٠ هەزارتمەن لە نەخۆشخانەکانی دەوڵەتی بەرز بووەتەوە.

هەر بۆیە نەخۆشەکان ناچارکراون لەدەرەوەی نەخۆشخانە بە چەندین بەرابەری قیمەت ئەم خزمەتگوزارییانە ئەنجام بدەن. ئەمشێوە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتە وەزعێکی بۆ خەڵك پێکهێناوە کە ژیانیان ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لەگەڵ گیرو گرفت وبێ دەرەتانی بەرەوڕوو دەبێ.

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### باسی «ئەفغانستانی ئافریقا» لە «ژووری باس»دا

ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە بەشێکی ماڵپەڕەیدا بە ناوی «ژووری باس»، هەر جارە مژارێکی ڕۆژەڤ دێنێتە بەرباس و لەو پێوەندییەدا کارناسان و شارەزایانی پێوەندیدار بە بابەتەکە وتار و بیروبۆچوونی خۆیان لەو بەشەدا بڵاو دەکەنەوە. ئەم ڕۆژنامە، مژاری ئەمجارەی خۆی لە ژێر ناوی «هێڵێکی نوێ لە ناوچەی سەحرایی بە دژی تیرۆر؟» بۆ باسکردن لە سەرهەڵدانی دەورەیەکی نوێی تیرۆریزم و بەهێزبوونی لە ئافریقای باکوور تەرخان کردووە. ڕاپەڕیوە ئیسلامییەکان لە مارسی ٢٠١٢ەوە باکووری مالییان لە کونترۆڵدایە و فەڕانسە لە پێناو پێشگرتن لە پەلهاویشتنیان بەرەو باشوور لە هەوڵدایە.

«نیۆیۆرك تایمز» لە بەشی دەلاقەی باسەکەدا نووسیویەتی: «دەوڵەتی ئافریقای باکووری مالی کە ناوچەیەکی وشکانییە، جاران وا وێدەچوو کە یەکێك لەو دەگمەن حکوومەتانەی قاڕەکەیە کە دێموکراسی تێدا جێگیر بووە، بەڵام، کودێتایەك، ژمارەیەی زۆری ئەو نیزامییە لیبیاییانەی کە پاش ڕووخاندنی موعەمەر قەزافی ڕوویان کردووەتە ئەوێ و ڕاپەڕین لە لایەن ئەو میلیشیایانەی کە لە باری ماڵییەوە تەیار کراون، بوونە هۆی ئەوەی کە ئیسلامیستەکان ناوچەی باکووری کونترۆڵ بکەن. تەنانەت لەو کاتەیدا کە ئەوان ڕووبەڕووی ئەو هێزە فەڕانسەییانە بوونەتەوە کە باشوور دەپارێزن، ئەو پێشبینییە ترسناکە هەیە کە پایگایەکی نوێی تیرۆر ڕێك لە باشووری سەحرا دابمەزرێ. بە سەرنجدان بەوەی کە گرووپە ئیسلامییەکان لە مالی لەگەڵ میلیشیاکانی لیبی، نیجریە، ئەلجەزایر و شوێنەکانی دیکە پێوەندییان هەیە، ئەو پرسیارە لەئارادایە کە چۆن باکووری ئافریقا دەتوانێ خۆی لە پەرەگرتنی تیرۆریزم و بوون بە ئەفغانستانی دواتر بپارێزێ؟»

«جی.پێتێر فام»، بەڕێوەبەری ناوەندی «Michael S. Ansari Africa» لە شووڕای ئاتلانتیك لەم بارەوە بۆچوونی خۆی لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «هاوتەریبییەکان لە پتر لە ڕێگەیەك»دا نووسیوە و لە «نیۆیۆرك تایمز»دا بڵاو کراوەتەوە. نووسەر لە سەرەتادا دەنووسێ: «بەراوردکارییەکان لە کاروباری نێونەتەوەیی تۆقین لە مەترسییەکیانی پێوە دیارە، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەك ڕەد ناکرێتەوە کە هاوتەریبییەك لە نێوان بارودۆخی ئەفغانستان لە مانگ و ساڵەکانی پێش ڕوودانی ١١ی سێپتامبر و ڕووداوەکانی ئەمدواییانە لە مالی لەگۆڕێدایە».

نووسەر دواتر بە تێروتەسەلی باسی ئەو بارودۆخە هاوشێوانە دەکات و قامك لەسەر ئەوە دادەنێ کە ئەو ناوچەی مالی کە لە مارسی ٢٠١٢ەوە کودێتای تێدا کراوە و بەدەست ئیسلامگەراکانەوەیە، لەو کاتەوە بووەتە شوێنێك بۆ ڕاکێشانی تیرۆریستەکانی ناوچەی باکووری ئافریقا و تەنانەت ئەو ئیسلامگەرایانەی لە شوێنەکانی دیکەوە وەك ئامریکا بە جیهادییەکان پەیوەست دەبن. ئەو دواتر باسی ئەو بڕیارە توندە ئیسلامییانە دەکات کە لەو ناوچەیەدا سەپێنراون و بەڵگە بۆ ئیستدلالەکانی دەهێنێتەوە. «پێتێر فام» لە دەرەنجامگیریدا بە ناوزەدکردنی مالی بە «ئەفغانستانی ئافریقا»، پێی وایە کە «پێویستە هاوپەیمانانی فەڕانسە، لەوانە ئامریکا بە وردبینییەوە لە بەرامبەر ئەو خاڵانە پەرچەکردار لە خۆیان نیشان بدەن وەك ئەوەی کە بزانن چۆن لە داهاتوو لە بەرامبەر پێویستییەکان بۆ یارمەتیی سەربازی وەڵامدەر دەبن».

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

# ئەو شێعرانەی لە گیرفاندا هەڵ

رەهبەر مەحموودزادە

حوزوور یان ئامادەبوون بە پێی تێفکرینێکی تایبەتی، بنەمای ئەو مێتافیزیکەیە کە فەلسەفەی بەشەری، لە کەونارەوە تا چاخی مۆدێڕن، پشتی پێ بەستووە و بەڵگەی بۆ نەویستووە. لە ناو ئەم چوارچێوە بنەماییەدایە کە سێبەری ئاخافتن بەسەر نڤیساردا کشاوە و ڕەنگی پێوە نەهێشتووە.

دیارە یەکەم چەمك کە کەوتە بەر نەشتەری بنەماشکێنی دریدا، بڕوای «سەرەتیی ئاخافتن» بوو کە وەکوو سەمبۆلی مێتافیزیکی حوزوور لێك هەڵوەشێندراوە و لەبەر یەك ڕەوییەوە.

لەم وتارەی بەردەستدا، تەمای قسەکردن لەسەر دریدا و فەلسەفەکەیمان نیە. بەڵکوو دەمانهەوێ لەبەر تیشکی بۆچوونەکانی پاشپێکهاتەخوازی، بابەتێك لە پانتایی شێعردا بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە تا ئیستا شەبەقی لێدوانێکی تێرو تەسەل، ڕەنگی لەسەر نەداوەتەوە و سیوادی ڕوونکردنەوەیێکی تیۆریکی لێ نەبۆتەوە.

ئەگەر سیمای خوێندەوارێکی کلاسیکی کوردی نیوسەدە لەمەوبەرمان لەبەرچاو بێ کە بە زانستێکی حوجرەییەوە، سەدان پارچە شێعری تەڕی شاعیرانی کوردی لەبەرە و بە بۆنەیێکی تایبەت یان بێ موناسەبەتێکی شیاو، لە مەجلیس و دیوەخاندا، دەیانڵێتەوە و لەهەمان کاتیشدا، بیر لە توێژەرەوەیێکی مۆدێڕنی شێعری نوێ بکەین کە گەرچی سەراوان و بناوانی خوێندنەوە حیرفەییەکانی، شێعری نوێ یان مەسەلەکانی پێوەندیدار بەم بەستێنەیە، بەڵام کەم واهەیە چەند شێعری نوێی درێژ یان تەنانەت کورتی بە ڕێك و ڕەوانی لەبەر بێ، دەتوانین بە ئەنجامگیرییەکی سادە بگەین:

شێعری ئەوڕۆ، فارس گوتەنی «جیبی» واتە گیرفانی نین و ناکرێ لە یادەوەری مرۆڤێکی نێونجی دا، هەڵگیڕ و وەرگێڕیان پێ بکرێ. بەڵام شێعری کلاسیك و بەشێکی بەرچاوی شێعری نوێش، گیرفانین و کەندو کۆسپێکی ئەوتۆ، بۆ هەڵگرتنیان، نایەتە سەر ڕێگامان.

دیارە پاساوی ئەم پێودانگە بۆ شێعری کلاسیك، فاکتورەکانی کێش و سەروایە کە زۆرجار وەکوو کۆد و ڕەمزی یاریدەدەر، کاری وەبیر هێنانەوە، ئاسان دەکەنەوە. بەڵام ئەم دۆخە، واتە بیرهێنانەوەی سانا، سنووری شێعری کلاسیك و تەنانەت شێعری کێشداری غەیری کلاسیکیش دەبەزێنێ.

بۆ نموونە شێعرێکی ئیماژی یان وێنەیی، باوەکوو کێشداریش نەبێ، دەچێتە خانەی ئەو شێعرانەی ناوی شێعری گیرفانیمان لەسەردانان.

لەم دوو نموونە شێعرەی خوارەوە، ئاخۆ کامەیان شێعری هەڵگرتن یان گیرفانییە و کامەیان شێعری ڕاگرتن یان ناگیرفانییە؟

نموونەی یەکەم:

ولاتی تۆ پێکەنینە

شاری منیش، چاوی تۆیە

گەر نیشتمانیشم ون کرد ناپەشۆکێم

ئامێزی تۆ

وڵاتێکی سەربەخۆیە(١)

نموونەی دووهەم:

کەگەڵا تەعبیرێك لە ناوادەی وەرز

سات...چ زوڵاڵێك لەمن

کە وەریم

تا کووچە فەرمووی پاییزی پیرۆز

کە ژیان تەعبیرێك لە کۆچ

....تا گەڵا

هەر دەبێ ناوادەی پیرۆزی ژیان بم

لە وەرین

کە فەرمووی پاییز و

من جەنگەڵ

لە کۆلان(٢)

لە نموونەی یەکەمدا، شێعر، تەنانەت بە بێ بوونی ئەم سەروایەش کە لە دەستەواژەکانی «چاوی تۆیە» و «سەربەخۆیە»دا هاتووە، لە سۆنگەی وێنەیێکی ناسك و گردوکۆوە، چەسپانی خۆی لە مێشکماندا دەستەبەر دەکا. بەڵام شێعری دووهەم، هەر لە ڕێوە، ڕێگای سڵی و سرکی دەگرێتە بەر.

لە ڕاستی‌دا، شێعری گیرفانی یان شێعری هەڵگرتن، بە شێوەیێکی نەدیو و نابەرهەست لە سەر بنەمای جۆرێك حوزوور و ئامادەبوون دامەزراوە، بە چەشنێك، ئەوکاتەی کەسێك شێعری شاعیرێك لەبەر دەڵێتەوە، خەریکی مۆدێلسازی حوزووری شاعیری خاوەن شێعرە. یان بە واتاییێکی تر، خەریکە ئامادەبوونی شاعیر بە شێوەیێکی مەجازی، لەکاتی گوتنی شێعردا، بەرهەم دەهێنێتەوە. کەچی لەو شێعرانەدا کە هەر بە تەنیا بۆیان هەیە بە شێوەی نڤیسار لەبەر دەستماندا بن، چەمکی «غیاب» یان نائامادەبوون، تۆختر دەنوێنێ.

کەوایە ئەگەر ئەو قان و باڵادەستییە کە تائێستا لە سۆنگەی چەمکی حوزوورەوە دراوە بە ئاخافتن، سەرڕێژی کردبێ بۆ هەرێمی شێعری گیرفانیش، تێکشکانی سەروەریی مێتافیزیکی حوزوور، هەربەم پێیە، ئیتر سەرەتی بێ ئەملاوئەولای شێعری گیرفانیشی لەناو بردووە و دەرفەتێکی ڕەخساندووە بۆ خوردبوونەوە لەو شێعرانەی لەجیاتی لەبەر کردن، هەوڵێکی تر دەخوازن، واتە هەوڵی راڤە و لێکدانەوە و ماناخوڵقێنی و دووبارە نووسینەوە و تێپەڕاندن لە سنوورەکانی دیاریکراوی نیەتی نووسەر.

دیارە ئەم چەشنە پۆلین کردنە، واتە ناودێرکردنی هەندێك شێعر بە شێعری گیرفانی و هەندێکی تریش بە شێعری ناگیرفانی، ناودێرکردنێکی بایەخدەرانە نیە و نیازی هەڵکێشانی یەکێك و کێشانە ژێری ئەویتر، ـ هەر نەبێ جارێ ـ لەگۆڕێ‌دا نیە، بەڵکوو وەسفێکە کە سەرەداوی باسێکی بەروبوو درێژمان دەداتە دەست و یاریدەمان دەکا هەتا ڕووبەری ئەو شێعرانەی چێژیان لێ وەردەگرین و دەتوانین لەگەڵیاندا بکەوینە سات و سەودا، هەراوتر بکەین. ئەو خانەبەندی کردنە فێرمان دەکا لەگەڵ هەر شێعرێك، بە شێوەی خۆی مامەڵە بکەین و لەخانەی تایبەتی خۆیدا جێگیری بکەین.

ئەگەر ئەم ڕاستییەمان سەلماندبێ کە ئاکامی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، ئەو چێژەیە کە بەرهەمی دەهێنێ، دەبێ دان بەو راستیەش دابهێنین کە چێژی خوێندنەوە بە گوێرەی جوداوازی دەقەکان، بۆ چەند رەهەندی جوداجودای نالێکچوو، پەل دەهاوێژێ. مەرجی تلاسا نەبوون لە ڕێگاییێکی مام ناوەندی، بەڕەسمی ناسینی گشت ئەو چێژانە و بایەخ پێدانی بەقەدەر حاڵیانە.

ئەو چێژەی شێعری «جوانی ئافرەت» - ی گۆران پێمان دەبەخشێ، «چێژێکی ڕۆمانتیکە»، بەڵام ئەو چێژەی «خەوە بەردینە»ی سوارە بەرهەمی دەهێنێ، «چێژێکی راڤەکارانە»یە.

پەتای «پیربوونی چێژ» ئەو ئاهۆ پیسەیە کە ناهێڵێ تەواوی ئەو کەسانەی دەپێشدا بە خوێندنەوەی جوانی ئافرەت نەشئە بوونە، ئێستا، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ رەوتی شێعری ئەوڕۆ بێنەپێش و نێوقەدی چێژی راڤەکارانە، هێندەی کۆتەرەی چێژی ڕۆمانتیك – بگرە زیادتریش- زل ببینن.

ئەو پێش نموونەیە (٣) (Prototype) کە بە شێوەی مۆدێلسازی حوزووری شاعیر، چەمکی ئامادەبوون بەرجەستە دەکاتەوە، لەناو خانەی شێعری کلاسیکدا دەدۆزرێتەوە، بەڵام شێعری پێش مۆدێرن، هەربەم شێوە مۆدێلسازییە، ناوێستێ و بە نموود و ڕواڵەتی تریشەوە، گوزارش لە ژێرخانی هەراوی «حوزوور» دەکا.

ئەدەبی فۆلکلۆری و لەسەرووی هەمووشیانەوە حەیران، لەباری پێکهاتەو ناوەرۆکەوە وەها ڕێك دەخرێ کە ئامادەبوونی خۆشەویستێك مۆدێلسازی بکا.

کەرەستەی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە ڕەچاوکردنی گۆشەنیگای دووهەم کەسی تاك. واتە ئەو کاتەی کوڕە حەیران وەدەنگ دێ، خەریکی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی حوزووری کچە حەیرانە، یان بە پێچەوانە، کچە حەیران لەکەش و هەواییێکی داخراو و نەخوازراودا، بە وەدەنگ هاتنی خۆی، ئامادەبوونی کوڕە حەیران بەرهەم دەهێنێتەوە:

نموونەی ١

ئەمن دەڵێم کەپرێکت بۆ دروست دەکەم لە گوڵێ،

لە سوورەگوڵێ

دارەڕا لە ڕەشەڕیحانێ

هەڵاشی داوێمێ لە سۆسنێ، هەڵاڵێ، گیابەند و گیاخاوی کوێستانی

خانوویێکت بۆ دادەنێم بنچینی لە زێڕێ

پەنجەرانی تێدەبڕم لە ڕووی شیوبای

ئامان نازدار حەیران ئەگەر هاتیە سەیرانێ، شەوێ دە نیوە شەوێ دا

بۆنیان بڕوا بۆ ماڵی دە دەرو جیرانان (٤)

*نموونەی ٢

کیژ دەڵێ: هەتیوە لاوە دە چ بکەم دنیایە شەرت و وەفای بۆ کەس نیە

دەبلا تێکەڵ کەین خەت و خاڵی گەردنێ

هەزاری وەکوو من و تۆ مردووە، ماڵت خەرابێ بە بێ مەخسوود و بە بێ مرادی

مردن بە وێ داخێ، بەوێ کەسەرێ. (٥)

بەو پێیە وەك ئەنجامگیرییەك، دەڵێین لەگوتنەوەی شێعری کلاسیك‌دا، بە مۆدێلسازی ئامادەبوونی ئەو کەسەی شێعرەکەی گوتووە، چەمکی حوزوور بەرجەستە دەبێتەوە، بەڵام لە شێعری فۆلکلۆری‌دا، بە مۆدێلسازی ئامادەبوونی ئەو کەسەی شێعرەکەی بۆ گوتراوە، هەمان مەبەست بەرجەستە دەبێتەوە.

کەواتە با بەزیاد کردنی چەند مەبەستی تازەوە، پۆلین کردنەکەمان، دووبارە ڕێك خەینەوە:

- شێعری مۆدێرن، لەچاو شێعری پێش مۆدێرن، شێعرێکی لە هەڵگرتن نەهاتووە.

-خودی شێعری پێش مۆدێرنیش، لەم ڕۆچنەیەوە، دوو لکی لێ دەبێتەوە و دوو سروشتی جوداواز بەڵام وێکچوو، بۆ خۆی دابین دەکا.

-بەڵام بەگشتی شێعر، بەمانا ژانرییەکەی خۆی، بەنیسبەتی نەوعی چیرۆك، ژانرێکی گیرفانی‌ترە.

-لە ئاستێکی تردا، هەر ئەم دابەشکردنە، لە پانتای چیرۆکیش‌دا، بە گوێرەی دوو ڕوانینی جوداواز بۆ ئەم ژانرە، دووبارە وە راست دەگەڕێتەوە، بەم چەشنە کە بە پێی بۆچوونی «ئیدگار ئالەن پۆ» گەڵاڵەی چیرۆك دەبێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بێ کە بکرێ لە دەوری مێزی شێوخواردن دا، بۆ کات ڕابواردن، بگێڕدرێتەوە.

واتە مەرجی ڕێك و پێکی گەڵاڵەی چیرۆك، گیرفانی بوونیەتی، کەچی لەو لاشەوە چیرۆك بە مانا چێخۆفییەکەی، خاوەنی گەڵاڵەیێکی ئەوتۆیە کە گێڕانەوەی لە پشت مێزی شێوخواردن دا، کارێکی دژوارە، واتە چیرۆکی چێخۆفی چیرۆکێکی ناگیرفانی یە.

ئەم خانەبەندی کردنە، هەر بەم شێوەیە، دەتوانێ نەوع و نووسراوەی تریش بتەنێتەوە. بەڵام وەك دیارە مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم وتارە، هێنانە بەرباسی مێکانیسمی گیرفانی بوونی شێعرە. کەواتە با جارێ خۆمان لە خانەکانی تری ئەدەب، کلا بکەین و بگەڕێینەوە سەر ئەم پرسیارە کە شێعر، چۆن هەڵگیران و مانەوەی خۆی لە یادەوەری مرۆڤ‌دا دەستەبەر دەکا؟

ئەگەر بە ئاراستەیێکی «تەقلیل گەرانەوە» بڕوانینە دەقێکی ئەدەبی پێش مۆدێرن، دەبینین ئەو پێکهاتەیە کە ئەو دەقە بەرهەم دەهێنێ، بارتەقای داپۆشینی «دوانەییێکی لێکدژ» بەرتەسك دەبێتەوە، واتە ناوکی ئەو پێکهاتەیە، بریتییە لە دوو جەمسەری مانایی دژ بەیەك، بەڵام تۆکمە و تێك ئاڵقاو، وەکوو چاك و خراپ، بەرز و نەوی، پاکژ و کرێژ، کز و بە هێز و چی و چی.

کە ئەوەمان زانی با چیتر درێژدادڕی نەکەین و شێلەگەمان هەر لەو دەراوبدەین: شێعری گیرفانی، ڕێسای هەڵگیرانی خۆی لە سۆنگەی ئەم ناوکە دوو جەمسەرەوە مسۆگر دەکا و بە بەرهەم هێنانی چەمکی «تەقارون» و بەرانبەرکێ، خۆی بۆ لە بەرکردن، ئێسك سوك و لەبەردڵان نیشان دەدا.

بۆ نموونە با لە تێكهەڵەنگووتنی دوو دژە جەمسەری بەرزی و نزمی و هەڵۆئاسایی و قەل سیفەتی، لەو شێعرەدا خورد بینەوە:

حەیفە کوێستان بەو سەرە بەرزانەوە هەرتەم نەبێ

ئەو تەمە پیرۆزە، سایەی لەو سەرانە کەم نەبێ

خۆ بەزێڕ نایگۆڕمەوە دەشتی وڵاتی خۆم بەڵام

من سەرم تێدا دەچێ جێگام ئەگەر حەستەم نەبێ (٦)

هەروەها بڕوانینە دژوەستانی دوو چەمکی ئەقڵ و ئەوین لەم شێعرەدا.

هەردەبوو ڕۆژی هەوەڵ من دوو دڵم بێ و یەك زمان

تا لە ماڵێك دا ئەڤین و ئاوەزم نەبنە هەوێ (٧)

ئاکامی باسەکە:

ئەلف: دەقی ئەدەبی بە بێ تیۆری ناخوێندرێتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەی پێیان وایە بە شێوەیێکی ئاسایی و بێ هیچ واستەیەك دەقێکی ئەدەبی دەخوێننەوە، بێ ئەوەی خۆیان پێ بزانن کۆمەڵێك تیۆریی ئامادەیان لە مێشکدا هەیە.

ب: خوێندنەوەی دەقەکانی جوداواز، کەرەستەی جوداواز واتە بۆچوونی هەمەچەشن دەخوازن. ئەگەر قەرارە هەر بە تەنیا یەك جۆرە شێعر بخوێنینەوە و چێژی




بێ دوان...

## ...ناگیرێن

لێ وەرگرین، دەتوانین هەر شێعری گیرفانی بە رەسمی بناسین و خۆمان لە جۆری تری دەقی شێعری نەبان بکەین.

پ: بەڵام جاری وایە تەنانەت لە یەك دیوانە شێعردا، دەکرێ دوو جۆر دەق دەستنیشان بکەین کە هەر کامەیان بکەوێتە خانەیێکی جودا لە خانەی ئەوی‌تریان، وەك ئەم دوو شێعرە جوداوزە:

مالْم نییە

وەرە ئاوارەییمەوە

لەکەس ناچم

وەرە نێو تەنیاییمەوە

لە هیچ کەسیش ترسم نیە

وەرە نێوە ئازادیمەوە(٨)

تۆ هاتی: کوندە پەپوو تووشی دوو دڵییەکی سەیر بوو

تۆ هاتی: ئیشراق خەونی بە پلەی لە تیشك تیشك ترەوە بینی

ئیمە سوورتر بووین لە ئارامی ئەم زریایە بکۆڵینەوە

بۆنی فرۆی ئەم هاتنەی تۆ

چی نەورەس بوو کردییە

خۆرهەڵاتی باغ... باکووری ئاو...

باشووری دڵ... خۆرئاوای مەرگمان(٩)

لێرەدا ژیرانەترین ستراتیژی خوێندنەوە، بریتییە لە تەیار بوون بە کەرەستە جوداوازەکانی خوێندنەوەی شێعر.

پەراویزەکان:

١و٢- شێعری یوونس رەزایی-ن

٣- زمانناسان بۆ ئەوەی لە پێناسەکردنی شتێکی تایبەت، ناچار نەبن زانیاری پێوەندی‌دار بە زەمینەکانی غەیری زمانی بدەنە دەست، بە شێوەیێکی راستەوخۆ نموونەیێك لەو شتە دەهێننەوە و پێی دەڵێن «پێش نموونە». بۆ نموونە بۆ پێناسە کەردنی «باڵدار»، بۆ ئەوەی خۆیان لە قەرەی زاراوەگەلی ئاژەڵناسی و ... نەدەن، «چۆلەکە» یان «کۆتر» یان باڵدارێکی لەم دەستە وەك پێش نموونە دەناسێنن.

٤- ئەحمەد بەحری – گەنجی سەربە مۆر – ل١٩٣

٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧

٦و٧- شێعری خالیدی حیسامی- ن

٨و٩- شێعری م-ساماڵ-ن.

www.xewat.blogfa.com

# پارچە شێعرێکی شەمس لەنگرودی

و: مەریوان هەڵەبجەیی



داخە سادەکان
سووتێنەرتر بوون
شاعیران!
هەرگیز نەمویستوە ئێوە
بە ئاوارەیی ببینم لەبەردەم هێرشی مێشوولەکاندا
هەرگیز نەمویستوە قەڵەمەکانتان
لە توفانی کوللەکاندا ونبێت
بەڵام نان
تەنیا وشەیەکی جوان نەبوو بۆ نووسین
ئازادیش
باڵندەکانی ئاسمان نەیان سپاردبووە مرۆڤ
داخە سادەکان
سووتێنەرتر بوون.
ببوون شاعیران
پەپوولەکان
بوونە تە سیخوڕی کارگەی مۆم دروستکردن
چاوی بەران لە شەوی قوربانیدا
زمانێکی نەدۆزیەوە.
بمانبوورە سەلاحەدین!
باوەڕ بکە پێمان وابوو
تورنا*ی شەرە خاچپەرستییەکان کۆتاییان هاتووە
کە ئێوەمان بە خاك سپارد
ئێوەش
یاری بۆمبا نازانن
بۆکەڵەی میکرۆبی، نەوەخەنەی کیمیاوی..
شمشێریش
تەنیا لە مۆزەخانەکاندا پەیدا دەبێت
کچانی ئەفغان
لە گۆڕەکانتان وەرنە دەرێ
دەزانم برسیتانە و
بادامی چاوەکان
چارەی برسیتی ناکەن
تینووتانە
فرمێسکە سوێرەکان
تینووتر تان دەکەن،
لە گۆڕەکانتان وەرنە دەرێ
چ خێرا
لە گۆڕە بچوکەکانتاندا خەوتان لێکەوتوە
داخە سادەکان
سووتێنەرتر بوون
- ئاخ ئەی شنەی پیپەتی کە بەسەر بۆمباکاندا دەڕوێت
حورمەتی ئەم بەرەبەیانە لەناوچوە راگرە.
«ئامین»
- سەگە بچوکە باڵدارەکان.
کە لە ئاسماندا پاس دەکەن
بەرانەکانی مەسیح
لە شەڕی پیپەتییە سوورەوەکان بپارێزن!
«ئامین»
- سوزانیخانەکانی کەنداو
کە هەراهوریای بانکە جیهانییەکان
دەوڵەمەندتری کردوون
منداڵە لەکارکەوتوەکان.
لەلای خۆتان پەنا بدەن.
«ئامین»
خەونبینینە ئەبەدییەکانی شاعیران
لە بەستەی بچوکی ئازادیدا
رۆژنامەکان
هەڵگرنەوە بۆ خۆتان!
لێگەرێن
لە باڵی باڵندەکان قەڵەمێک دروستبکەن و
جوانترین شیعر
لە وەسفی فریشتەکاندا بنوسن
ئەو فریشتە بچوکانەی کە لەتاو برسیتی کەوتونەتە شەقامەکان و
لەسەر چوار رێیانەکاندا جگەرە دەفرۆشن.

* تورنا: ناوی یارییەکی کۆنە

# حاشاکردن لە ستەمەمی نەتەوەیی، پاڵپشتیی دیکتاتورە

■ سەلام ئیسماعیل پوور

حاشاکردن لە ستەمەمی نەتەوەیی وەکوو کەتوارێکی زاڵ بە سەر پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان ناوەندی سیاسی و دەورووبەر لە ئێراندا و گرینگترین کەڵکەڵەی لایەنگرانی گوتاری «یەك وڵات - یەك نەتەوە» لە ئێستادایە کە دەکرێ بە گرینگترین لەمپەر لە سەر ڕێگای پێکهاتنی ئاڵترناتیڤی دێموکراتیکی تۆکمە و بەو پێیەش، بە هۆکارێك بۆ وەدواکەوتنی رزگاریی ئێران لە دیکتاتۆریی ڕەشی کوماری ئیسلامی لە قەڵەم بدرێت.

لایەنگرانی ئەم گوتارە کە هەرکامەیان بە شێوەیەك شوێنکەوتووی شۆڤینیزمی هێژمۆنیخوازی ئێرانین، پێداگرن لە سەر نکۆڵیکردن لە ٢خاڵی سەرەکی کە هەر ئەم نکۆڵیکردنە دیاریکەر و ڕێنوێنی ئاراستەی باسە سیاسی و میدیاییەکانیانە، ٢خاڵێك کە سەلماندنیان بۆ هەر ئێرانییەکی خوێندەوار کارێکی ئاسانە و حاشالێکردنیان تەنیا دەتوانێ نیشانەی «خۆگێلکردنی بە ئەنقەست» لە ڕاستییەکان بێت.

ئەم ٢خاڵە بریتین لە: ١- بوونی نەتەوە جۆراجۆرەکان لە ئێراندا ٢- زاڵبوونی ستەمێکی سیستماتیك و ئامانجدار بە سەریاندا.

لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی یەکەمدا، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بە پێی پێناسە جۆراوجۆرەکانی وشەی «نەتەوە» کە زیاتر لە ٢ بۆچوونی «قوتابخانەی ئاڵمانی» و «قوتابخانەی فەرانسەوی-ئەمریکایی»دا خۆ دەبیننەوە، ئێران سەرەڕای هەموو فرەچەشنیەکانی لە باری شوناسەوە، بەگشتی «وڵات ـ نەتەوە» یەکی مێژووییە کە ناکرێ بە چەند پاژی نەتەوەیی جۆراوجۆر دابەش بکرێت.

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە ئەگەر پێناسەی ئاڵمانی لە بەر چاوبگرین، نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ئیراندا بە ڕوونی لێك جیا دەکرێنەوە و دەکرێ جیاوازییەکانیان ببینین، بە جۆرێك کە خاڵە هاوبەشەکانی وەك مێژوو، زمان، داب ونەریتەکان، ئوستوورەکان و نیشتمانی هاوبەش لە نێوان دوو تاکی بەلووچی ئیرانی و پاکستانیدا، چەندقات زیاتر، ئاشکراتر و بەرچاوترە لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان تاکێکی بەلووچی ئێرانی لەگەڵ تورکیك یان کوردێکی ئێرانی. بە واتایەکی ڕوونتر و بەپێی ئەو پێناسەیە، زۆر دژوارە کە بتوانی تورکمانێکی ئێرانی بەو باوەڕە بگەیەنی کە تورکمانەکانی ئەو دیوی سنوور سەر بە نەتەوەیەکی بێگانەن، بەڵام ئەو سەر بە نەتەوەیەکە کە تاکێکی فارس، یان عەرب، یان بەلووچی ئێرانی ئەندامی ئەو نەتەوەیەن. هەروەها لە پێناسەی فەرانسەوی ـ ئەمریکاییدا پێداگرییەکی تایبەت لە سەر فاکتەری «ویستی ئازادانەی مرۆڤ» و ڕێککەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتیی نێوان بەشێك لە هاوڵاتیان لەپێناوی چارەنووسێکی هاوبەشدا کراوەتەوە.

ئەوەش کە دەبینین لە کاتی بوومەلەرزە، کارەساتە مرۆییەکان، سەرکەوتن یان دۆڕانی پاڵەوانەتیە وەرزشییەکان و...دا جۆرێك لە گیانی هاوپێوەندی و هاوسۆزی لە نێوان خەڵکی ئێراندا دێتە ئاراوە، بە هیچ شێوەیێك ناتوانێ نیشاندەری ڕوحێ نەتەوەیی هاوبەش و پاساودەری ئەنجامگیرییە سیاسییە چەواشەکان لەم پێۆەندییەدا بێت، لە بەر ئەوەی کە زۆرجار دیتراوە کە شارۆمەندانی وڵاتێك لەم پەڕی دنیاوە، هەست و سۆزی ڕاستەقینە بۆ سەرکەوتن یان دۆڕانەکانی تیمی فووتباڵی برێزیل، یان ریال مادریدی ئیسپانیا دەردەبڕن، یان بۆ کۆمەڵکوژیی نەتەوەیەك لەو پەڕی دنیادا، فرمێسك دەڕێژن و تەنانەت هەوڵ دەدەن بە شێوەیەك یارمەتییان بدەن، هەمووی ئەمانەش ناتوانێ دەربڕی ڕۆحی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوانیاندا بێت.

لە پێوەندی لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتیشدا دەبێ بڵێین، مێژووی ئێران بە تایبەتی لە قۆناغی پاش شۆڕشی مەشرووتە و سەرهەڵدانی ڕەزاشای پەهلەوی بەم لاوە وەبیر نایەت کە نەتەوەکانی ئێران هەرگیز بۆ ماوەیەك بڕیاریان لە سەرچارەنووسی خۆیان دابێت و خۆویستانە گرێبەستێکی سیاسی کۆمەڵایەتییان بۆ پێکهێنانی کیانی سیاسی هاوبەش مۆر کردبێت. لە بەرامبەردا، ئەوەیکە مێژووی ئیران، لە چەند دەیەی ڕابردوودا وەبیرمان دێنێتەوە، هەمیشە دیکتاتۆرییەکی سەرکوتکەرە کە نەتەوەکانی بە کەڵکوەرگرتن لە سیاسەتی حاشالێکردن، سەرکوت، تواندنەوە و بەگژیەکدادان، لە قەفەسێکی هاوبەشدا لەژێر ناوی «ئێرانی ئاریایی» یان «ئێرانی ئیسلامی» بچەوسێنێتەوە و هەرگیز کەسێك لەم نەتەوانەی نەپرسیوە کە ئاخۆ لە ژیانی نێو ئەم قەفەسە رازین، یان ئەگەر رازی نین، چ چارەنووسێکی دیکە بۆ خۆتان هەڵدەبژێرن؟

لە پێناسە مۆدێرنەکانی «نەتەوە»دا دەردەکەوێ کە گرفتێکی بنەڕەتی لەسەر ڕێگای بەنەتەوە بوونی گرووپێکی ئێتنیکیدا بوونی نیە. لە ڕاستیدا «نەتەوە» تاکەکانی سەر بە گرووپێکی ئێتنیکی لەخۆ دەگرێت کە گەیشتوونەتە رادەیەك لە هەستی باوەڕبەخۆبوون و ئاگایی سیاسی کە بۆ بەنەتەوە بوون پێویستە و «خوازیاریی گشتی» بۆ بەنەتەوە بوون لە سیمای گشتیە ئەو گرووپەدا ڕەنگی داوەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، هەر ئێتنیکێك دەتوانێ نەتەوە بیت و ئەوەش بەستراوەتەوە بە ویستی خودی ئەو خەڵکەوە کە بیانەوێ لە چوارچێوەی ئێتنیکادا بمێننەوە، یان لە ڕەوتێکی کامڵبوون و پێگەیشتنی سیاسیدا، پێ بنێنە نێو پرۆسەی «بەنەتەوە بوون».

کەوابوو، حاشالێکەرانی بوونی نەتەوەکان لە ئیران، کە زۆربەیان باوەڕیان بە فرەچەشنی و جۆراوجۆریی ئێتنیکی لە ئیراندا هەیە، یان دەبێ بە ناچاری درگای قەفەسەکەیان پتەوتر دابخەن و لە بنەڕەتدا حاشا لە بوونی ئێتنیکەکانیش بکەن (بە واتایەکی دیکە، باسی ئەو پرسە لە بنەڕەتدا نەکەن) یان دان بەوەدا بنێن کە گرووپێکی ئێتنیکی دەبێ لەپێناسە کردنی خۆیدا وەکوو «ئێتنیك» یان «نەتەوە» سەرپشك بێت و ئەوە خودی تاکەکانی ئەو گرووپەن کە دەتوانن دیاری بکەن کە دەیانهەوێ «نەتەوە» بن یا ئێتنیك. کەوابوو هەر جۆرە هەوڵێك بۆ بە کۆیلەکردن و بەستنەوەی گرووپێکی مرۆیی بە چوارچێوەی تەسکی پێناسە سیاسیەکانی بەناو ڕۆشنبیرێکی دەرەوەی بازنەوە، ئاکامەکی شکست و ڕەنج بە خەساربوونە.

حاشالێکەرانی ستەمی نەتەوەیی بۆ خەستترکردنی قوڕەکە تا ئەو جێگایە دەچنە پێشێ کە تەنانەت بوونی ستەمی ئێتنیکییش حاشا لێ دەکەن و بۆ نموونە، دەڵێن، زمانی فارسی هەرگیز لە لایەن حکوومەتەکانەوە بە سەر خەڵکی ئێراندا نەسەپێنراوە، چوونکە لە هەزار ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵات و پاشایەتی زیاتر لە دەستی تورکەکاندا بووە، نەك فارسەکان، لە گەڵ ئەوەشدا بە درێژایی هەموو ئەم سەردەمانە، فارسی زمانی وێژە و دیوانی (بۆرۆکراسی) لە ئێراندا بووە. ئەم گشتاندنە ئامانجدار و چەواشەکەرانەیە، ڕاستییەك لە بیر دەکات، ئەویش ئەوەیە کە دەستپێکی سەرهەڵدانە ناسیۆنالیستییەکانی گرووپە ئێتنیکییەکان و ڕاچەڵەکانی هەستی نەتەوایەتی تێیاندا دژ بە زاڵبوونی پاوانخوازانەی زمان، شوناس و هێما فارسییەکان، نەك لە سەردەمی سوڵتانە تورکەکان، بەڵکوو لەو ساتەوەیە کە ڕەزاشای پەهلەوی یەکەم بەردی بناغە پرۆژەی نەتەوەسازیی خۆی بە سەرکوتی شۆڕشەکانی «سمکۆ» لە کوردستان و «شیخ خەزعەل» لە خووزستاندا دەنێت و سەرانسەری ئێران دەکاتە ئامانجی سیاسەتی یەکچەشن کردنی زمان، جل وبەرگ، هەڵسووکەوت و شوناس.

هەر بۆیە، کاتێك کە فاکتەری خۆسەپاندنی زۆرەملی دێتەگۆڕێ، نەتەوەکانی ئێران بەرەبەرە هەست بەوە دەکەن کە زمانی فارسی چیدیکە تەنیا ئەو پردی پێوەندییە دڵخوازانەیەی رابردوو نییە، بەڵکوو خەریکە دەبێتە هۆکار و گۆپاڵێك بۆ سڕینەوەی پاشماوەی شوناسیان و دەبێ پێش لەوەی کە کات بە فیرۆ بچێت، بۆ پاراستن و بووژانەوەی شوناس و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی خۆیان کارێك بکەن. پەرچە کردارەکانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران و بازنەی گوتاری دەوروبەری، دژ بە ڕەوتی شوناسخوازیی نەتەوەکان و سەرکوتی بێبەزەییانەی چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئەوان کە زۆر جار گەیشتۆتە ئاستی ژینۆساید(کۆمەڵکوژی) کۆچپێکردنی بەکۆمەڵ، ژێنوسایدی سپی(پەرەپێدانی مادەسڕکەرەکان) و نموونەگەلی دیکەی تاوان دژ بە مرۆڤایەتی، تا ئەو ڕادەیە دەرخەری ستەمی نەتەوەیین کە کەسێك نەتوانێ بە سانایی لێیان تێپەڕ بێت و خۆی لە بەرپرسایەتیی تاوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بدزێتەوە.

ئەوانەی کە کۆمەڵکوژییەکانی قارنێ، قەڵاتان ،سووفیان ،ئیندرقاش و دەیان گوندی دیکەی کوردستان، دەرکردنی بڕیار و ئاییننامەگەلی جۆراوجۆر لەمەڕ قەدەغەکردنی ئاخافتن بە زمانە ناوچەییەکان!!! لە قوتابخانەکاندا، گۆڕینی ناوی ڕەسەنی شوێنە جوگرافیاییەکان، سووتاندنی دارستان و وشککردنی گۆل و ڕووبارەکانی کوردستان، قەدەغەکردنی ناوە ڕەسەنە کوردییەکان بۆ منداڵەکان و شوێنە گشتییەکان و... تەنانەت بە «ستەمی ئێتنیکی»یش دا نانێن، ئەوانەی کە شەڕی زاڵمانە و نابەرانبەری لەشکری پۆشتە و پەرداخی پاسدارانی ویلایەتی فەقیە لەگەڵ خەڵکی مافخوازی کوردستان بە «براکوژیی خەمهێنەر» لە قەڵەم دەدەن و جیاوازییەك لەنێوان دوولایەنی ئەم شەڕەدا نابینن، لەم ڕاستییە بە باشی تێدەگەن کە لە شەڕی نێوان ستەمکار و ستەملێکراودا، بێ لایەنی واتایەکی بەدەر لە پشتگیریی ستەمکار نییە. ئەوانیش بیانەوێ یا نەیانەوێ، بوونەتە گۆچانی پیریی دیکتاتۆرێك کە بۆ ڕزگار بوون لە ڕووخان و نەمانی، خۆی بە هەر پووش و پەڵاشێکی بێ ڕیشەدا هەڵدەواسێت.

# AKP دەیهەوێ ببێ بە مودێلێک بۆ وڵاتانی ناوچەکە

■ شەهاب خالیدی

حکوومەتی تورکیە بە پێی یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە حکوومەتێکی لائیکەو لە سەردەمی ئاتاتورك، لەسەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت دامەزراوە. کۆنترۆڵکردنی ناوەندە مەزهەبییەکان، قەدەغەکردنی جلوبەرگی مەزهەبی بۆ ڕۆحانییەکان لە دەرەوەی شوێنە مەزهەبییەکان و دیاریکردنی ڕۆژانی یەکشەممە وەك ڕۆژانی پشووی فەرمی و هەروەها گۆڕینی پیتی عەرەبی بۆ لاتینی لە گرینگترین کارەکانی ئاتاتورك بۆ بە لائیك کردنی سیستەمی دەسەڵاتداریی تورکیە و بە یاسایی کردنی نۆرم و پێوانە ئەورووپاییەکان لەو وڵاتەدا بوون. بەڵام دوای نەمانی ئاتاتورك هێندێك حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامی دامەزران و بە هەوڵدانێکی زۆر توانیان مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا وەدەست بێنن. درێژەی ئەو ڕەوتە دوای چەندین ساڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن AKP ەوەی لێکەوتەوە.

ئێستا AKP دەیهەوێ ببێ بە مودێلێك بۆ تەواوی وڵاتانی ناوچەکە و دەیهەوێ وا نیشان بدات کە ئەوان پێشەنگیی و ڕێبەرایەتیی وڵاتانی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا دەکەن. هەر لەو چوارچێوەیەدا چەند ساڵ بەر لە ئێستا تورکیە بە ناردنی هاوکاریی ماددی بۆ کەرتی غەزە و دواتریش ئاخاوتنی توندی ئەردوغان بە دژی ئیسرائیل لە کونفرانسی داڤۆس، پێوەندیی لە مێژینەی نێوان حکوومەتی تورکیەی لە گەڵ ئیسرائیلدا بۆ ماوەیەك تێك دا و بەم شێوەیە توانی سەرنجی وڵاتە ئیسلامییەکان لەو هەرێمەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بەڵام لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی تورکیەدا، عەرەبستانی سعوودی کە خۆی بە پێشەنگ و ڕێبەری تەواوی موسڵمانانی جیهان لە سەر بنەمای مەزهەبی سوننی دەزانێ، لە هەمبەر ئەم مودێلەی تورکیەدا بووە بە کۆسپێکی جیددی. لە لایەکی دیکەوە ئێرانیش ئەو سەرهەڵدانانەی وڵاتانی عەرەبی وەك وشیاریی ئیسلامی و درێژەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەزانێ و مودێلی دەسەڵاتداریی خۆیان بە باشترین مودێل بۆ دەسەڵاتداری لە ناوچەکە پیشان دەدەن.

کە وابوو لە نێوان ئێران و تورکیە ڕکابەرییەکی جیددی هەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەیکە تورکیە پێویستیی بە وزەی ئێران و هەروەها ناردنی شمەك بۆ ئێران وەك بازارێکی گەرم بۆ تورکیە هەیە، نایهەوێ کە ئەو ڕکابەرییە ڕەنگ و ڕوویەکی ئاشکرا بە خۆیەوە بگرێ. تەنانەت تورکیە بۆ ئاساییبوونی پێوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا ماوەیەك بوو بە نێوبژیوان لە نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ لە سەر پرسی ناوکیی ئێران لە کاتی وتووێژەکاندا. بەڵام پێوەندیی پڕ لە هەوراز و نشیوی نێوان هەر دوو وڵات کە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری تورکیە وەك سیستەمی پان تورکیزم و بوون بە ئەندامی هەر دوو وڵات لە پەیمانی سێنتۆدا دەستی پێ کردوە، لەگەڵ هاوکاری و دژبەرایەتییەکانی دەیەی ٨٠ی زایینی و گەیشتنی شەپۆلەکانی بەهاری عەرەبی بۆ وڵاتانی ناوچە و بە تایبەتی سووریە و پشتیوانیی تورکیە لە دژبەرانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و دانانی سەکۆی موشەکیی پاتریوت لە نێو خاکی تورکیەدا، ئیتر ئەو پێوەندییانە بەرەو ساردبوونەوەی زیاترەوە ڕۆیشت.

لە لایەکی دیکەشەوە ڕەوتی ئەو وتووێژانەی کە تورکیە لە گەڵ ئیمراڵی دەستی پێ کردوە، نەیارانی ئاشتی و ئازادی، بە تایبەتی ئێرانی لە جاران تووڕەتر کردووە و ئەگەر بێت و هەردوو لایەن واتە ئیمرالی و تورکیە بگەنە ئەنجامێکی باش، ئەوە بێگومان لە بەرژەوەندیی هەر دوو لایەنی کورد و حکومەتی تورکیەدا دەبێ.

لە لایەکی دیکەوە تورکیە لە بەرامبەر پشتیوانیی بە هێزی ڕێژیمی ئێران لە مالکی و بە هێندێك هۆی دیکەوە، پێوەندیی سیاسی و بازرگانی خۆی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەندە بە هێز کردووە کە ئیتر ئێستا هەرێمی کوردستان لە ڕێگای تورکیەوە وزە بۆ دەرەوەی وڵات هەنارده دەکا. دیارە ئەم پێوەندییە لە بواری ئابوورییەوە قازانجێکی زۆری بە هەر دوو لایەن گەیاندوە. هەر بۆیەش هەر دوو لا هەوڵ دەدەن کە پرسە نێوخۆییەکانی تورکیە وەك پرسی کورد، نەبێتە کۆسپ لە سەر ڕێگای پێوەندییە بەهێزەکانیان. لە ڕاستیدا ئەو پێوەندییە بەهێزە سەرۆك وەزیری عیراقی زۆر تووڕە و نیگەران کردوە.




لە لایەکی دیکەوە لە کوردستانی سووریە ڕەنگبێ PYD کۆسپێکی جیددی بێ لە سەر ڕێگای ئەو تورکیەیەی کە تا ئێستا پشتیوانی بەهێزی دژبەرانی بەشار ئەسەد بووە. هەر بۆیەش بەرژەوەندیی تورکیە لە ڕاگرتنی شەڕ لە گەڵ PKK و دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانی ئاشتیدایە. بەم شێوەیە تورکیە هەم دەتوانێ ئاسایش و تەناهیی وڵاتەکەی بپارێزێ و ئابووریی وڵاتەکەی لە گەشە نەوەستێ، هەمیش دەتوانێ لە داهاتوودا لەگەڵ کوردەکانی کوردستانی سووریە وەك هەرێمێکی ئۆتۆنۆم پێوەندییەکی دۆستانە دابمەزرێنێ.

بێگومان گرتنە پێشی ڕێگای دیالۆگ و دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیك کە تێیدا بە بێ فەرق و جیاوازی هەموو نەتەوەکان بە مافەکانیان بگەن و بۆ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، تەنیا ڕێگا بۆ گەشە کردنی وڵات و باشترین مودێل بۆ دەسەڵاتداری لە ناوچەکە بە تایبەتی بۆ تورکیەیە.

# قسەکانی ئەم دواییانەی بەشار ئەسد!

■ نوسەر: لیزسلای

بەیروت-ڕۆژی یەکشەممە٦ی ژانویە، بەشار ئەسد سەرۆك كۆماری سووریە، لە خۆدەرختستنێکی ئاشکرا و دەگمەندا، هەموو ئەو کەسانەی هیوابڕاو کرد کە چاوەڕوان بوون هەرچی زووتر ئەو شەڕە نیوخۆییە لە ڕێگای وتوویژ و دانووستانەوە بە ئەنجام بگا. لە قسەکانی ئەوجارەیدا ئاوێکی پاکی بە دەستداکردن و لە وتەکانیدا هێچ نیشانەیەکی دەرنەخست کە واز لەدەسەڵات بێنێ، یان لەگەڵ نەیارانی بێتە سەر مێزی دانووستان و ئەو شەڕ و ململانێیە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکا و واز لە سەرکوتی نەیارە چەکدارەکانی بێنی.

کەللەڕەقی و سەرسەختی ئەو لەو شەڕەدا نیشان دەدا، کە بە گوێرەی راپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لانیکەم هەتا ئێستا ٦٠٠٠٠کەس گیانیان لە دەستداوە، لەگەڵ ئەوی سوپای ئەسد لەو شەڕەدا خەڵکی زۆری لە دەست داوە، وێدەچێ زیاتر لایەنی توندووتیژی بە خۆوە بگرێ، کە تەنانەت نزیکترین هاوپەیمانەکانی زیاتر نیگەران دەبن لەو خوێنڕشتنەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ وەك ئێستراتیژیەکی حەیاتی زیادی دەکا و زیاتر دەستی بە خوێنی دانیشتوانی وڵاتەکەی سوور دەبێ لە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

لەو کۆبوونەوەدا هەر چەند ماندوو و شەکەت دیار بوو بەڵام بەربەرەکانی دەکرد، هەر کە لە خانەی ئوپێرا لە ناوندی شاری دیمەشق، دەستی کرد بە قسە کردن، لەگەڵ چەپڵەلێدان و هووڕای گەرمی لایەنگرانی خۆی ڕووبەڕوو بوویەوە. سەرۆك کۆمار گەڵاڵەی پلانێکی دارشتبوو بۆ (گۆڕین) کە لەودا حکوومەتێکی نوێ پێکبێ، پەلانێکی نەتەوەیی بنووسرێ و ریفراندومێك بەڕێوەبچێ.

پێشنیارەکانی ئەسد لێڵ و ناڕوون بوون، هەرچونێك بێ، هیچ میکانیزمێکی نەدابوو کە لە ژێر ئەو میکانیزمەدا هەر وەك ئۆپۆزیسیۆن و زۆربەی وڵاتانی نێونەتەوەیی داوایان لێکردوە کە واز لە دەسەڵات بێنێ، ئەو ئامادە نییە دەست بەرداری هیچ یەك لە دەسەڵاتەکانی بێ، چ بگا بەوەیکە جێگاکەی بدا بە کەسێکی تر. لە قسەکانیدا بەرپرسایەتی ئەو وێرانی، خوێنڕێژییە و ئەو وەزعە نالەبارەی سووریەی خستە ئەستۆی وڵاتانی ڕۆژئاوایی. کە پێش راگرتنی شەڕ و تەقەوەستاندن و بانگەشەکەردنی بۆ کونفرانسێکی نەتەوەیی بۆ دانانی خشتەیەك بۆ چاکسازی دەبێ کوتایی بە یارمەتی ئۆپۆزیسیۆن بێنن.

ئەسد لە یەکەمین قسەکردنی گشتی خۆی لە مانگی ژووەنەوە تاکوو ئێستا، کە نزیك بە دوو ساڵە راپەرین بە دژی دەسەڵاتەکەی دەستی پێکردوە هەمووکات خۆی بە ڕەواتر و حەقدارتر زانیو و هەروەها رایگەیاندووە کە دەبێ بە هێزی سەربازیی خۆی بەرەنگاری بەرهەڵستکاران ببێتەوە و سەرکوتیان بکا و مۆرکی (خیانەتکار) و (تێرۆریست) لە ئۆپۆزێسیۆنەکەی بدا. لە قسەکانیدا دەڵێ: «ئەو شەڕە شەڕێکە لە نێوان وڵات و دوژمنانیدا، شەڕێکە لە نێوان خەڵك و تاوانباراندا. من دووبارە دڵنیاتان دەکەمەوە تا ئەوکاتەی تێرۆریستێك لە خاکی سووریەدا مابێ، ئێمە شەڕ بە دژی تێرۆریزم راناگرین.» کە ئەوەی گوت بەشدارانی کۆبونەوەکە بە نیشانەی پەسندکردنی قسەکانی دەستیان کرد بە چەپڵەلێدانی بەردوام و هەل هەلە و سروود وتن.

لەو ماوەیدا کە ئەسد قسەی دەکرد، هێڵی ئینتێرنێت لەنێو شاری دیمەشق پچڕابوو و هێزەکانی حکوومەتی، پرسگەی تایبەتیان لە دەوری پایتەخت دانابوو بۆ لێپرسین و پشکنینی خەڵك. بەوحاڵەیش ترسێك هەبوو لە بەرهەڵستکاران تەنانەت لە نێو سەنگەری هێزەکانی ڕێژیمدا.

بەڵام قسەکانی ئەسد جێگای گومانە، سەرەڕای چوونە سەری ئێعدام و خوێنڕێژی و سوپاکەی بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکەی لە دەست داوە بەوحاڵەش پیێ وایە دەتوانێ درێژە بە دەسەڵات بدا بێ ئەوەیکە هیچ سازانێك بکا یا ئیمتیازێك بدا.

خانمی ویکتۆریا نۆلاند وتەبێژی کارووباری وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، لەواشینگتۆن، پێشنیارەکانی ئەسدی ڕەت کردەوە چونکە ئەو یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی خۆهەڵاوەسینە بە دەسەڵاتەوە و زیاتریش مەبەستی درێژەدانی دەسەڵاتە بۆ سەرکوت و خوێنڕشتنی خەڵکی سووریە.

ئەگەرچی قسە و پێشنیارەکانی ئەسەد هەر ئەوانەن کە لە رابردوودا کردوویەتی و بەپێی هەلومەرجی وڵاتەکەی بەرهەلستکارەکان بە بەربڵاوی توانیویانە لە ژێر ئاڵای سوپای ئازادی سووریەدا بەشێکی زۆر لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە بەدەستەوە بگرن و رادەیەکی بەرچاو چەك و تەقەمەنی وەدەست بێنین، لێکۆڵەرەوکان دەڵێن بیر کردنەوکانی ئەسەد هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتوو.

### سێبەری دیپلۆماسی

سەرەڕۆیی ئەسەد سێبەری کێشاوە بەسەر شەپۆلە چالاکییە دیپلۆماسییەکانەوە کە بە هۆی ئەخزەر ئیبراهیمی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئارادایە و هەوڵی داوە بە ئارامی و گوشار خستنە سەر لایەنەکان کێشەکان لە سەر بنەمای پەیمانێك چارەسەر بکا، کە هاوینی رابردوو لە ژێنێف لە نێوان ئامریکا و ڕووسیە لە سەری ڕێککەوتن، کە هەردوو لا پێداگرن لە سەری و پێویستی بە ڕێگا چارەی دیپلۆماسی هەیە، بەڵام بەستراوەتەوە بە دەور و ڕۆڵی هەر کام لە لایەنەکان ئەگەر بیکەن و دەبێ ئەسەد ئەنجامی بدا.

ئەسد لە قسەکانیدا ئەوەی ڕاگەیاند ئەو ئامادە نەبوو نە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە و نە لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ژووری کە ئێستا لە حاڵی شەڕدان دابنیشێ و وتوویژ بکا. کە بێ قایل بوونی ئەوان سەرکەوتن مانای نییە. لە کاتێکدا ڕایگەیاند کە: «بەرهەڵستکارە چەکدارەکان کە ئایدۆلۆژی ئیسلامییان هەیە پێیوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەیە و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش بووکەڵەی دەستی وڵاتانی ڕۆژئاواییین خەیانەتیان بە سووریا کردووە.»

کاتي دیاریکراو بۆ قسەکانی هەر بە قەت پەیامەکە مانادار بوو. کە قسەی دەکرد هەوڵی دەدا بەرهەڵستکاران چووکە پیشان بدا، بەڵام لە چەند حەوتووی رابردوودا دەسکەوتێکی زۆری سەربازییان وەدەست هێناوە کە ئەویش بە راشکاوی گوشاری خستۆتە سەر ئێران و ڕووسیە وەك دووهاوپەیمانی سەرکی و بە توندی هەوڵدەدەن کە لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەکانی چارەسەر بکەن.

سەرنەکەوتنی ئەسەد بوو بەهۆی ئەوە بۆ ماوەی چەند مانگ لەنێو جەماوەری خۆیدا ئامادە نەبێ، ئەوەش ئەو گومانەی زیاتر دروست کردبوو کە ئەسەد زۆر لە وەزعی خۆی نیگەرانە و گوشاری لە رادەبەری لە سەرە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە کۆشکی سەرۆك کوماری دوور دەکەوێتەوە، رەنگە ترسابێ و زیاتر بیر لە سەلامەتی و داهاتووی خۆی بکاتەوە.

بەو حاڵەش هەر چەند زەرد و لاواز دەهاتە بەر چاو، بەڵام لە سەر قسەی خۆی پێداگربوو، بە قەولی کوردی هەریەك هەواڵی دەزانی، ئەویش کوشت و کوشتار و زەبروزەنگ و خوێنڕێژییە، و بۆ پاراستنی دەسەڵات و کورسی خۆی واز ناهێنێ و لە قسەکانیدا وتی: بە هیچ جۆریك ئێمە واز لە ڕێبازی دیاریکراوی خۆمان ناهێنین، واز لە مافەکانمان ناهێنین، بەرگری لە وڵاتمان دەکەین، هەر لەسەر ڕەواڵی پێشوومان، بەردوام دەبین. ئەو هەڕەشە و قسانەی ئەو هەروەك قسەکانی قەزافی دەچێ کە لە ئاخر ساتەکانی دەسەڵاتیدا دەیکرد و ئەوە پیشەی هەموو دیکتاتۆرەکانە.

■ وەرگێر: موعتەسەم نوورانی

WWW.washingtonpost.com

## جووت حەوت

هەوراز

ـ موحەممەد عەلی موەحیدی، پێشنوێژی هەینیی تاران گوتوویە: «خەڵکی ئێمە هێشتا عاشقی ئاخوندەکانن و ئەمەگناسیی خۆیان بەرانبەر بە خزمەتکارەکانیان (واتە مەلاکان) پاراستووە».

بە حەقیقەتیش ئاخوندەکان هێندە ناسکۆڵە و ڕەزاسووك و شۆخ و شەنگن کە پیاو خۆی پێ ڕاناگیرێت لە بەر ئاگری عەشق و خۆشەویستیی ئەوان، جا خەڵك ناحەقیانە لەبەر خۆشەویستیی ئاخوندەکان هەموو ڕۆژێکیان ڤاڵنتاین بێت؟ قبووڵمان کرد کە ئاخوندەکان شلك و نازەنین و لەبەردڵانن، بەڵام خزمەتکار نین، ئاخۆ ماشقە چۆن دەبێتە خزمەتکار؟ ئەوەش لێ گەڕێین بەڵام، خزمەتکار چۆن دەبێتە کەڵەگای گەڕەك؟ لەوەش گەڕێین بەڵام، ئەگەر خەڵك ئاغان و ئێوە خزمەتکار، چۆنە کە ئەوان دەبێ گوێڕایەڵ و ئەمەگناسی ئێوەبن؟ هەی ماشقە! هەی بووکە شووشە! هەی خزمەتکار! هەی چاوجوان!

ـ مەلا کازم سدیقی، پێشنوێژی دیکەی تاران دەڵێ، لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا شارەکانی ئێران نوقمی گەندەڵی بوون و ئاخوندەکانیان سواری ئۆتۆمبیل نەدەکرد.

کە واتە ئەگەر دەڵێن لە ژاپۆن گەندەڵی زۆر کەمە، مانای ئەوەیە کە کۆمپانیای «تۆیۆتا» یان «هۆندا» پێش ئەوەی کە بەرهەمەکانیان بخەنە بازاڕ، بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن دەبێ حەوزەی علمیەی قوم رازی بکەن بەوەی کە ڕەوە ئاخوندێك بنێرێتە سەر شەقامەکانی تۆکیۆ، سواری ماشینەکانیان بن.

بەڵام خەڵکی ئێرانیش وا نین، ئەوە نیە ٣٤ ساڵە ئاخوندەکانیان وا سواری هێسترە کوێری مام قودرەت کردووە کە دانابەزن؟

مەلاکازم لە درێژەدا دەڵێ: ئەگەر وەلی فەقیە نەبێ، بەرپرسانی ئێمە یەکتر دەخۆن، ئەوە گوڕەگوڕی وەلیی فەقیهە کە نایەڵێ بەرپرسانی ئێمە بەر ببنە گیانی یەکتر.

فەرمایشتەکەی مەلاکازم لە وەسفی شەڕە پشیلەی نێو هۆڵە مەڕەکەی نیزامدا هێندە لەجێی خۆیەتی کە حەیفم دێت شتێکی پێ زیاد بکەم. دەلێی باسی تام وجێری دەکات (هەزار ڕەحمەت لەقەبرەکەیان بێت).

ـ ئەحمەد خاتەمی، کەسایەتیی ناسراوی ڕۆژانی هەینیی تاران دەڵێ: پاش هەڕەشەکەی ئیمام خامنەیی، ئەوانەی کە هێشتا دەڵێن هەڵبژاردن دەبێ ئازاد بێت، دوژمنن.

عەرزی خزمەتی ئیمام ئەحمەد بکەین، هەڵبژاردنی ئازاد پێش فەرمایشتەکانی ئاغاش هەر حەرام بوو، ئەوانەش کە باسیان دەکرد، هەر دوژمن بوون، کە واتە بۆ باسی شتێك دەکەی کە لە توورەکەی ویلایەتدا هەرگیز نەبووە؟ بۆ لە خۆڕا خۆت تووڕە دەکەی؟ زەحتت دادەبەزێ، ئەودەم لە خوتبە دەچێتەوە و لە گوڕەگوڕ دەکەوی. ئەودەم لە هۆڵی ویلایەتدا جۆت پێ نادەن و بەم زستانی کڕێوەیە ئاوارەی دەشت و بیابانت دەکەن.

# عێراق و داهاتوویەکی نادیار

■ عارف وەلزی

نەمانی دەسەڵاتی سوننە لە عێراقدا و پشتیوانی شیعەکانی ناوچە بەتایبەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و ئابووری و مەزهەبییە لەم وڵاتەدا، هەلومەرجێکی پێکهێناوە کە شیعە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا ببێتە خاوەنی قورسایی سیاسی و، هەروەها کوردیش وەك گەلێکی ماف خوراو و چەوساوە لە مێژووی عێراقدا، بەپێی دەستوور لە حکومەتی تەوافقی ئەو وڵاتەدا بوو بە خاوەنی مافی خۆبەڕێوەبردن لەبەشێك لە ناوچەکانی خۆیدا.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠دا، دوای کێشە و مشتومڕێکی زۆر، بە ڕێککەوتن لەگەڵ لیستی ئەلعراقیە و هێندێك لە پێکهاتەکانی دیکە، نووری مالکی بۆ جاری دووهەم بوو بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەڵام ئەمجارەیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هاوپەیمانانی، مێتودی تاکڕەوی سیاسی گرتەبەر و بەدوور لەهەر چەشنە یاساو ڕێسایەك و تەنانەت بە لەبەرچاو نەگرتنی ڕێکەوتن و گرێبەستە سیاسییەکانی نێوان لایەنەکانی تەوافوق لە حوکمرانی سیاسی عێراقدا، کردەوەگەلێکی قەیرانخولقێنی وەك جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ و چارەسەرنەکردنی کێشەگەلێکی وەك نەوت، بوودجە، پێشمەرگە ... بە نیسبەت کورد و، پەراوێزخستنی هاوپەیمانەکانی و قەبزەکردنی دەزگا ئابووری، سەربازی و ئەمنییەکان، کەیسی تارق هاشمی، و لە نوێترینیاندا دروست کردنی هێزی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و دەستگیر کردنی پاسەوانەکانی رافیع عیساوی و کۆمەڵێك کێشەی دیکەی بە نیسبەت سوننەکانی ئەنجامدا کە بوونە هۆی، لێکترازانێکی سیاسی لە بەغدا و قۆناغێکی نوێی ململانێی سیاسی، تایفی و مەزهەبی لە عێراقدا سەری هەڵدا کە سەرەتا، بایکوتی ئەنجومەنی نوێنەران و هەڕەشەی کشانەوەی لایەنەکان لە حکومەت و دواتریش خۆپیشاندانی جەماوەری لە پارێزگای ئەنبار و فەلووجە و ناوچەکانی تری سوننەنشینی لێکەوێتەوە و بەمشێوەیە باری ئەمنی شارەکانی عێراق تووشی شڵەژان بوو.

بێگومان دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاروباری عێراق و پشتیوانی لە مالکی لە لایەك و دەستێوەردان و پشتیوانی هێندێك وڵاتی دیکەی ناوچەکە لە سوننەکان لە بەرامبەر شیعەکان، ئەو ڕەوشە پڕ قەیرانەی لێکەوتووەتەوە. بۆیە پێویستە هێزە سیاسییەکانی کورد لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و لە ڕێگەی شوێنە پێوەندیدار و کاریگەرەکان، زۆر وردبینانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و هەستیارەی ئێستای عێراقدا بکەن و بە دوور لە پرسە نێوخۆییەکان بیر لە یەکگرتوویی و پرسە نەتەوەیی و ستراتژیکەکانی خۆیان لەسەر ئاستی عێراقدا بکەنەوە. کارێك کە بە خۆشییەوە بەرچاو دەکەوێ.

چونکە بەدەستهێنانی زیاتری مافەکانی گەلی کورد لەم وڵاتە پڕ کێشە و قەیرانەدا، تەنیا لە ڕێگەی یەکگرتوویی ئەو هێزە سیاسییانە مسۆگەر دەبێ و هەروەها کورد بە یەکگرتوویی خۆی دەتوانێ، وەك هێزێکی ئەکتیڤ و چالاك، کاریگەریەکی ئەرێنی ببێت بۆ نزیکبوونەوە و چارەسەری ئەم قەیرانەی ئێستا، کە عێراق بە دەستیەوە دەناڵێنێ.



# قوتابخانە لە گەمارۆی بیری کۆنەپەرستیدا

■ حەسەنساڵحزادە

ئەگەر لە رووی سیاسییەوە بڕوانینە واقیعی ئەمرۆی کۆمەڵگەی ئێران، سەرکوت، خەفەقان و سانسۆر باڵی رەشی بەسەر گشت لایەکدا کێشاوە. سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران کە خۆی لە هەلومەرجێکی زۆر هەستیار و قەیراناویی هەمەلایەنەدا دەبینێ، بە بەربڵاوی چاوی بڕیوەتە جموجۆڵی ناوەندە مەدەنییەکان و دەستبەجێ بە گژ نارەزایەتییەکاندا دەچێتەوە، تا لە لایەك یەکێتی ریزەکانی خەڵك سازمان نەدرێ و لە لایەکی دیکەوە سیستمی دەسەڵاتدارییان وەبەر مەترسی نەکەوێ. ئاشکرایە ئەم هەوڵانە شتێکی دەمین و نە تەنیا ئیقتدار و بەهێزبوونی حکومەت دەرناخەن بەڵکوو بە پێچەوانە، ئەوپەری زەبوونی و ترسنۆکی دەسەڵاتپەرەستان دەگەیەنن. ئەوان وزە و پوتانسیەلی کۆمەڵگای ژێر دەسەلاتەکەیان بەراوەرد کردووە و باش دەزانن کە پەرەگرتنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان خەونە سێحراوییەکەیان دەکاتە بلّقی سەر ئاو. کۆمەڵگای ئێمە لە باری ئابوورێشەوە هیچ دڵخۆشکەر نیەو رۆژ نیە هەواڵی بە کۆمەڵی داخرانی کارگەو ناوەندە پیشەییەکانمان پێ نەگات و ژمارەیەك لە کرێکاران لەسەر کارەکانیان دەر نەکرێن، یان مووچەی نەمر نەژی کارمەندان وەدوا نەکەوێ.

تەریك کەوتنەوەی لە رادە بەدەری رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە سەرداسەپانی تەوژمی نوێی گەمارۆی ئابووری، چەند دیاردەی خراپی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، کە یەك لەوان بۆتە هۆی ئەوەیکە ملیۆنان منداڵ لە جیاتی ئەوەی بچنە قوتابخانەو رێگەی زانست بگرنە بەر، بە ناچاری لە خوێندنگە دەرکەوتوون و رێگەی شەقام و کاری ناشیاویان گرتووەتە بەر.

بە پێی سەرژمێری ناوەندە حکومەتییەکان ساڵی ١٣٨٥ ژمارەی قوتابیان ١٥ ملیۆن کەس بووە، کە ئەم ئامارە لە ساڵی ١٣٩١ بۆ ١١ ملیۆن قوتابی داکشاوە. ئەگەر هێندێك بابەتی وەك کۆنترۆڵی خێزانی یان نۆرمی چوونە سەری رێژەی دانیشتوانیش لە بەرچاو بگرین، نزیکەی ٤ میلیۆن قوتابی لە خوێندن دوور کەوتوونەتەوە. هەروەها ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیان بەر لەوەی بگەنە قوناخی دواناوندی قوتابخانە بەجێ دێڵن و دەچنە بازاری کاری ناگونجاو و کەڵکی خراپیان لێ وەردەگیرێ.

لە لایەکی ترەوە زۆربەی قوتابخانەکانی ئێران بە تایبەت لە شارو گوندە دووردەستەکان پێویستی بنەڕەتییان بە چاکسازی و نۆژەنکردنەوە هەیە. جێی سەرنجە کە بەرپرسانی رەدەباڵای سیستمی پەروەردە بە باشی ئاگاداری بارودۆخی سیستمی ئەمنی قوتابخانەکانن، ئەوان بە مەبەستی فریودانی رای گشتی ئەم کێشانەیان گەیاندە مەجلیسی فەرمایشی و تەنانەت لە رێگەی یاساییەوە باسیان لە تەرخان کردنی بوودجەی پێویست کرد، بەڵام دەوڵەت بەکردەوە تەنیا یەك لە سێی بڕی دیاریکراوی پەسەند کردووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەمرۆ هەمووان ئاگادارن سیستمەکانی گەرما و سەرما و بیناکانی قوتابخانەن و پشتگوێخستنی ئەمنییەتی گیانی منداڵانی بێ دەرەتانی ئێمە لە لایەن دام و دەزگاکانی پەروەردە لە دنیا دەنگی داوەتەوە.

مەسەلەیەکی دیکەی بواری پەروەردەی ئەم سەردەمە سەرنجدان بە سڵامەتی و پاکوخاوێنی خوێندنگاکانە. قوتابخانە وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ فێرکاری، ساڵانێکی دوورو درێژ لە هەستیارترین ساتەکانی تەمەنی مامۆستاو قوتابیان لە خۆدەگرێ، بۆیە دەبێ وەزارەتی پەروەردە لە هەمبەر تەندروستی قوتابیان بەرپرسیار بێ و کەش و هەوایەك بڕەخسێنێ کە لەودا قوتابیان هەست بە ئارامی و گەشەی هەمەلایەنە بکەن. بە بڕوای کارناسانی تەندروستی، نەخۆشی جەستەیی یان رۆحی قوتابیان تەنیا هەڕەشە لە یەك کەس ناکا، بەڵکوو ناسڵامەتی قوتابیان داهاتووی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە پاراستنی باری سڵامەتی قوتابیان و هەلومەرجی لەباری قوتابخانە، زامنی سڵامەتی کۆمەڵگایە، کە واتە درێژەی سیاسەتی سەرکوتی حکومەت و لە بیرکردنی رەهەندە گرینگەکانی دیکەی بواری فێرکاری زیانێکی قەرەبوو نەکراوە لە کۆمەڵگای ئێمە دەدەن.

منداڵ لە تەمەنی ٥-٦ ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە دەکرێ و قوناخەکانی گەشەی فیزیکی، هزری، دەروونی و سۆزداری خۆی لە قوتابخانە تێپەر دەکا. قوتابیان لە قوتابخانە بابەتەکان وەردەگرن و دەیانگوازنەوە بۆ بنەماڵەکان. کە وایە ئەم کارە دەتوانێ کاردانەوەی ئەرێنی یان نەرێنی بۆ بنەماڵەی بە دواوە بێ. لەم رووەوەیە کە روانینی حکومەتە گەندەڵ و مافیاییەکانی جیهان بۆ سیستمی فێرکاری، داسەپاندنی ئیدئۆلۆژی کۆنەپەرەستانە و دژە مرۆییانەیە.

مەسەلەی ناسینی کۆمەڵگای ئێران وەك وڵاتێکی فرەنەتەوە و دابینکردنی نیاز و پێداویستییەکانی هەر یەك لەم نەتەوانە بەپێی حەز و خۆلیای خۆیان، کێشەیەکی دیکەی بنەڕەتین کە دەبێ بە جیدی چاویان لێ بکرێ. ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کە گوێڕایەڵی ویستی راستەقینەی کۆمەڵانی خەڵك بێ. سیستمی پەروەردە دەبێ بەو عەقڵییەتە بگا کە ناسینی جیاوازی فەرهەنگی گەلانی ئێران وەك سەرەتاییترین مافێکی رەوای مرۆڤ بخرێتە بەرباس و بە کردەوە هەنگاو بۆ وەدیهاتنی ویست و داخوازەکانیان هەڵبنێ. بە پێچەوانەی ئەخلاق و شێوەی دێموکراتیك و سەردەمیانە، ئەمرۆ لە قوتابخانەکانی ئێران ملیۆنان منداڵ لە حاڵێکدا درێژە بە خوێندن دەدەن کە ناچارن بە زمانێك بێجگە لە زمانی دایکی خۆیان دەرس بخوێنن. ئەم منداڵانە جیا لەوەی کە لە مافی رەوای زمانی دایك بێبەری کراون، وانەکانی جوگرافی، مێژوو، کولتوورو هۆنەریشیان چەوشەکاری کراوە و تووشی سەرلێشێواوی هاتوون. شوێنەواری ئەم هاڵاواردنە دژەمرۆییانە بۆ هەمیشە لەگەڵ ئەم کەسانەدا دەمێنێتەوە. بۆ وێنە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکان تووشی شۆك دەبن وکێشەی رۆحی و رەوانیان بۆ ساز دەبێ. هەروەها زەوت کردنی خوێندن بە زمانی دایکی لە لایەك کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر دابەزینی پلەی خوێندنی منداڵان هەیەو لە لایەکیش دەبێتە بەربەست لە هەمبەر گەشە و نوێسازی و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تەرکی خوێندن.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان هەنووکە، ٥میلیارد و نیو لە حەشیمەتی جیهان واتە ٨٣٪ بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن و تەنها ١٧٪ منداڵان ئەو مافەیان پێنەدراوە کە بە زمانی دایکی خۆیان گەشەو نەشە بکەن. هۆکاری ئەم ئاستەنگەش دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانێك کە سیستمێکی سیاسی تۆتالیتێر یان دواکەوتوویان بەسەردا سەپاوە و پێکهاتەی وڵاتەکەیان چەند رەگەزییە کە لەودا رەگەزێك وەك راسیست دەسەڵاتی گشتی قەبزە کردووە. بەپێی ئاماری بڕواپێکراو دوو سێیەمی حەشیمەتی ئێران واتە ٦٧٪ دانیشتوانەکەی لە ناوچەکانی ئازەربایجان، کوردستان، بەلوچستان و هتد دەژین و لە ئاکامی دەسەڵاتی پاوانخوازی ئاخوندەکان مافی خوێندن بە زمانی دایکیان لێ ئەستێندراوە.

بە پێی ئامارو راپۆرتەکان قوتابیگەلێك کە زمانی فێرکارییان لە گەڵ زمانی دایکیان یەکێکە، کەمتر لە خوێندن ماونەتەوە و گەشەی زانستییان لە بەراوەرد لە گەڵ ئەوانیتر لە ئاستێکی سەرتر دایە. واتە ئەم رێژەیە سەبارەت بەو قوتابیانەی کە زمانی خوێندنیان لەگەل زمانی خۆیان یەك ناگرێتەوە، زۆر زیاترە و بە ٩ بەرانبەر مەزندە دەکرێ. زۆربەی پسپۆڕانی بواری زانستی پەروەردە و راهێنان لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ لانیکەم ٥ ساڵی دەسپێکی فێرکاری بۆ هەر کەسێك بە زمانی دایکی بەڕێوە بچێ تا قوتابی بە سانایی بتوانێ پێوەندی سۆزداری لە گەڵ مامۆستاکەی و دەوروبەر پێك بهێنێ و لە ئاکامدا لە باری فکرییەوە گەشە بکا.

جیاوازییەکی دیکەی بەرچاو لە سیستمی پەروەردەی ئێراندا مەسەلەی جنسیەتی لە قوتابخانەدایە و بۆتە هۆی نالەباربوونی هەرچی زیاتری کێشە کۆمەڵاییەتیەکان، بە تایبەت لەنێو کچاندا. پارێزەرانی بیری کۆنەپەرەستی بە بیانووی پاراستنی سنوورەکانی ئایین، لە ژێر گێژاوی دروشمی حەرام و حەڵاڵدا چەندین ئامانجی تایبەت دەپێکن. دەسەڵاتداران بە پێداگرتن لە سەر سیاسەتی هەڵاواردنی جنسییەتی لە لایەك دەیانەوێ سیمایەکی پیرۆز و بێ تاوان بە خۆیان ببەخشن و لە لایەکیش بەرگری لە رێکخستنەکانی ژنان و پیاوان لە نێو گۆڕەپانی خەبات دژی دیکتاتۆری بکەن، ئەگینا هەموو لایەك باش دەزانن و ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە بەرپرسانی رێژیم هیچ باوەڕێکی ئەوتۆیان بە بنەماکانی ئیسلام و مرۆڤایەتی نیە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە گەلۆ بەرپرسانی فەرمی حکومەت لێبڕاوانە لە بیری چارەسەرکردنی کێشە ئەساسییەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردندان کە بە کورتی ئاماژەیان پێکرا؟ مخابن، هەروەك لە پڕۆگرام و بەرنامەکانی سەر بە سیستمی پەروەردەی ئەمرۆی ئێراندا دەردەکەوێ بە دڵنیایی وەڵامی ئەم پرسیارە نێگاتیڤەو ئامنجگەلێکی دزێوی دیکە لە نێو قوتابخانەکان نەخشی سەرەکی دەبینن.

ئەوەیکە لێرەدا وەك زەروورەتێکی پێویست خۆدەنوێنێ بێمەیلبوونی بەرپرسانی رەدەباڵای سیستمی پەروەردەی ئێرانە لە مەڕ چارەسەرکردنی ئەو کێشە جدییانەی کە رووبەڕووی فەزای پەروەردەو فێرکردن بۆتەوە، بەڵام هەڵسووکەوتی دەزگای پەروەردە پێچەوانەی ئەم نیازە دەردەخەن و پرۆژەی بەنیزامیکردنی قوتابخانەکان و تێوەگلاندنی قوتابیان و مامۆستایان لە بیری کۆنەپەرەستانە، لەسەرەوەی هەموو ئامانجەکان زەق بوونەتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە رەوتی بە لاڕێدا بردنی هێزی کۆمەڵگا بە گشتی و ناوەندە فێرکارییەکان بە تایبەتی لە سەرەتای دەسەڵاتداری حکوومەتی ئیسلامیەوە دەستی پێکردووە و شتێکی نوێ نییە. بەڵام پرسیار ئەوەیە چ هۆکارگەلێك بوونەتە هۆی ئەوە کە شاڵاوی نوێی ئیدئۆلۆژیکی حکوومەت بۆ سەر خوێندنگاکان جارێکی دیکە چڕتر بکرێتەوە؟

وەزیری پەروەردەو فێرکردن پاش واژۆکردنی «بەڵگەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی پەروەردەو فێر کردن» بە فەرمانی سەرۆك کۆمار خوازیاری ئامادەبوونی هەرچی زیاتری هێزی بە ناو»بەسیج» لە قوتابخانەدا بوو و لە درێژەدا رەخنەی توندی لە کەمتەرخەمییەکانی خۆیان گرت کە لەم ساڵانەی دواییدا دوژمن توانیویەتی لە دەرفەتەکان کەڵکی پێویست وەربگرێ. بە باوەڕی ئەوان بۆ پەرەپێدانی کاروباری فەرهەنگی هیچ شوێنێك لە فەزای پەروەردە گونجاوتر نییە و بۆ دەسەڵاتداریی درێژخایەن هیچ شتێکیشیان لە پەروەردە پڕبایەختر بەردەست ناکەوێ. لە درێژەی ئەو پرۆسە نەگریسەدا بەڕێوەچوونی پلانگەلێك وەك «تەرحی بەسیرەت»، «ئیلتزام بە ویلایەت»و «تەربیەتی سیاسی» مامۆستایان هاتنە ئاراوە و ناردنی هەزاران ئاخووندی بۆ ناوەندەکانی خوێندن لێکەوتەوە، کە سەردەمدارانی دەسەڵات بە «ئەفسەرانی شەڕی نەرم» ناودێریان کردوون.

بەمجۆرە دەبینین کە حکوومەتی ئیسلامی قوتابخانەکانی کردووەتە بنکەی سەربازی بۆ بەرهەمهێنانی ئامانجە رەشەکانی خۆی و هەڕەشەی جیدی بۆ سەر قوتابیان و مامۆستایان دەست پێکردووە. لە ئاکامی ئەم هێرشە نابەرانبەرەدا خوێندەواران و کارگێڕانی خەمخۆری بواری پەروەردە کەوتوونەتە تەنگژە و رەوتی ئاساییان لێ ئەستێندراوە، ئەوان بە جێی ئارامی و هێمنایەتی و هەوڵدان بۆ گەشەی زانیاری و هزرو رامان، لە گەڵ ئێستریسی دایمی و دڵەراوکێ بەرەوڕوون.

حکوومەتی پێشەلکەری ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران ئەو بووجە فرەیەی کە بۆ هێزە بە کرێگیراوەکانی لە ناوەندە جۆربەجۆرەکانی پێوەندیدار بە قوتابیان تەرخانی دەکا، هیچکات لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی پیشەیی و زانستی و کولتووریدا بە کاری ناهێنێ. ئەم سیاسەتەش لە سەرووی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ و لە لایەن رێبەری، دەوڵەت و مەجلیسی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست برەویان پێدەدرێ تا بتوانن بە سانایی ئامانجەکانیان بپێکن و لە ئەنجامدا تەمەنی دەسەلاتداری نارەوایان درێژ بکەنەوە.

پەرەپێدانی قوتابخانەی تایبەتی و رادەستکردنی بەرپرسایەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابخانەکان بە «حەوزەی عیلمیە»، نیشانەی پێکهێنانی بازاری ئابووری و بازرگانی بۆ ژمارەیەك لە کاربەدەستانی رەدە باڵای پەروەردەیە کە لە بەریدا حەوانەتەوە. هەروەها ناوەندگەلێکی بە هێزی ئابووری وەك «کانوونی قەڵەمچی» ، «ئازموونەکانی گاج»، «عەلەوی» و هتدکە لە پانتایی ئێرانداو بە بەرفراوانی بە ناوی ئاسانکاری کونکووری سەراسەری بۆ زانکۆکان چالاکی دەکەن، داهاتێکی سەرسامی ئابووریان وەسەر یەك ناوە، کە لە ژێر چنگی تاقمێك بەرپرسی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دایە. جێی ئاماژەیە کە ئەم مەسەلەیە یەکێك لەو ئاستەنگانەیە کە بۆ نەهێشتنی تاقیکاری کۆنکووری سەراسەری جێگەی مشتومڕی بەرپرسانە.

حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی ٣٣ ساڵە هەوڵ و تەقالای بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا بە شێوەی دلخوازی خۆی دەدا و ئەم رەوتە تا ئەمرۆش هیچ سنوورێکی بۆ بنەماڵە و ئازادی تاکەکەسی نەهێشتۆتەوە. راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەو تاقمە دەسەڵاتخوازە لە درێژەی ئامانج و مەبەستە سیاسییەکانیاندا هیچ سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە. پاش سێ دەیە کە دەبینین بە کردەوەکانیاندا دەچنەوە و شەپۆلی نوێی هێرشی کۆنەپەرەستانەی خۆیان لە ژێر ناوی «بەربەرەکانێ لە گەڵ هێرش فەرهەنگی بێگانە» دەست پێ دەکەن، سەلمێنەری ئەو راستییەن.

کۆمەڵگای ئێمە لە باری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری، کۆمەڵگایەکی چالاکە و دەتوانێ هەڵگری گۆرانکارییە خێراکان بێ. هەر بۆیە سروشتییە کە ناوەندە خوێندکارییەکان لە قوتابخانەوە تا زانکۆ وەك ناوەندی فێربوونی زانست و هونەر لەم گۆرانکارییانە بە جێ نامێنن و دەکەونە بەر شەپۆلی گۆڕانکارییەکان.

ئەمرۆ لە حاڵێکدا کە شارۆمەندانی وشیار و ئازادیخوازی کۆمەڵگای ئێمە بە شێوازی جۆراوجۆرو بە پێی دەرەتان لە بەرانبەر گوشارەکانی سیاسی، ئەمنیەتی و ئابووری رێژیم دژکردەوەیان ئەنجام داوە، تا بسەلمێنن نیگەرانی بارودۆخی نالەبارو چارەنووسی نارروونی رۆڵەکانیانن. کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی گەلەکەمان چاویان بڕیوەتە ئەو ئاسۆیەی کە لەودا کۆتایی بە دیاردەگەلی کۆنەپەرستانەو نادادپەروەرانە بێت.

لەم نێوەدا ئەرکی هەمو چین و توێژ و بەشەکانی کۆمەڵگایە هەڵوێستی شیاو بگرن. ئەرکی نیشتمانی هەمووماننە کە لە مافی رەوای منداڵان چ لە نێو کۆمەڵگاو چ لە نێو قوتابخانەکان بەرگری بکەین و رێگە نەدەین نەوەکانی داهاتوومان بکەونە بەر شاڵاوی یەکێك لە گەورە دیکتاتۆرەکان و جەهالەت و ببنە قوربانی سیاسەتێك کە کۆمەڵگای داهاتوو باجەکەی بۆ نەدرێ.



## له‌ روانگه‌ی کۆنگره‌وه‌

# ڕۆڵی ڕاگه‌یاندن له‌ پڕۆسه‌ی سیاسه‌تداناندا

## «پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان و ڕاگه‌یه‌نه‌كان»

■ فاتیح ساڵحی

**به‌شی چوارەم و كۆتایی**

راگه‌یه‌نه‌ گشتییه‌كان له‌ ره‌وتی پێوه‌ندیی سیاسیدا، به‌ ده‌ستی ده‌وڵه‌ته‌كان و دیتر پێوه‌ندیگه‌ره‌ سیاسیه‌كانه‌وه‌ن و ده‌بنه‌ نێوبژیوانی سه‌ره‌كی له‌ نێوان سیاسه‌تڤانان و كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكدا. راگه‌یه‌نه‌كان كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك هان ده‌ده‌ن، تا بیرۆكه‌ نوێ و مودێرنه‌كان وه‌ربگرن. ئه‌ركی دژواری راگه‌یه‌نه‌ گشتییه‌كان ئه‌مه‌یه‌ كه‌ پێكهاته‌ی سیاسی سه‌قامیگر و جێگرتوو بونیات بنێن كه‌ له‌و پێكهاته‌یه‌دا، په‌ڕاوگه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی هاوچه‌شن و كۆمه‌ڵه‌ به‌هایه‌ك پێك بێت و له‌ ئاكامیدا، په‌ره‌سه‌ندنی گه‌شه‌ی نه‌ته‌وه‌یی خێرایی په‌یدا بكات. دوو ئه‌ركی جیاواز بۆ راگه‌یه‌نه‌ گشتییه‌كان له‌م بواره‌دا بریتییه‌ له‌:

١- یه‌كگرتووكردنی هه‌موو خه‌ڵكی وڵات،

٢- هاندانیان بۆ به‌شداری له‌ گه‌ڵاڵه‌كانی په‌ره‌سه‌ندنی نه‌ته‌وه‌ییدا.

راگه‌یه‌نه‌ گشتییه‌كان هه‌روه‌ها كه‌ له‌ پاراستنی یه‌كگرتوویی و یه‌كیه‌تی نه‌ته‌وه‌یی و پێكهێنانی به‌شداریی سیاسی كۆمه‌ڵگا، رۆڵێكی به‌رچاویان هه‌یه‌ و به‌ده‌ستهێنه‌ری ئامانجه‌كانی سیستمی سیاسین، ده‌توانن ئامرازێك بن له‌ ده‌ستی دژبه‌ران و ره‌خنه‌گرانی سیستمێكی سیاسی و سیستمی سیاسی ناچار بكه‌ن مل بۆ خواسته‌كانیان كه‌چ بكه‌ن یان ته‌نانه‌ت بیانڕوخێنن. پێوه‌ندیگه‌رانی سیاسی هه‌وڵ ده‌ده‌ن تا له‌ رێگه‌ی راگه‌یه‌نه‌كانه‌وه‌، هه‌ندێ له‌ رووداوه‌كان بخه‌نه‌ به‌ر سه‌رنجی بیروڕای گشتی و به‌م كاره‌یان له‌ سه‌ر بڕیاره‌ ده‌وڵه‌تییه‌كان كاریگه‌ری دابنێن.

كاركرده‌كانی پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان

هه‌ندێك له‌ كاركرده‌ گرینگه‌كانی پێوه‌ندی بریتین له‌:

١- پێكهێنانی ته‌كووزمه‌ندی له‌ كۆمه‌ڵگادا،

٢- دابینكردنی زانیاری له‌ بواری یاساكانی ژیانی سیاسی و خستنه‌ به‌رده‌ستی خه‌ڵك،

٣- كاریگه‌ریدانانی پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان، به‌ كه‌ڵكوه‌رگرتن له‌ ئامرازه‌ جۆرواجۆره‌كانی پێوه‌ندیی و تكنیكه‌ جیاوازه‌كان له‌سه‌ر به‌رهۆیان، له‌ پێناو هاوته‌ریب كردنی ئه‌وان له‌گه‌ڵ پرۆگرامه‌كان و بیروڕای خۆیدا، راكێشانی بیروڕای گشتی خه‌ڵك، پته‌وكردنی هه‌ڵكه‌وته‌ و په‌ره‌پێدانی هێزی خۆی،

٤- پێكهێنانی هاوگرتووی نه‌ته‌وه‌یی و وتووێژ له‌ نێوان خه‌ڵك، رووناكبیران و حكوومه‌ت،

٥- كۆمه‌ڵگاوه‌رگری سیاسی،

٦- دیاریكردنی هۆكاری هه‌ڵسوكه‌وتی خه‌ڵك، له‌ پاڵپشتی له‌ سیستمی سیاسی و به‌ هه‌مانشێوه‌ ویست و داخوازییه‌كانی خه‌ڵك و چۆنییه‌تی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی حكوومه‌ت به‌ ئه‌وان،

٧- بیچمگرتنی ئه‌و گرووپه‌ سیاسییانه‌ كه‌ له‌ هه‌وڵی كاریگه‌ریدانان له‌سه‌ر سیاسه‌تدانانه‌كانی سیستمدان،

٨- پێكهێنانی به‌شداریی سیاسی،

٩- دامه‌زرانی پێوه‌ندیی سیاسی نێونه‌ته‌وه‌یی له‌ پێناو ته‌شه‌نه‌ و چاوه‌دێری كردن به‌سه‌ر هه‌ڵسوكه‌وتی خه‌ڵكی وڵاتانی دیكه‌.

پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان و هه‌ڵسه‌نگاندنی بیروڕای گشتی

هه‌ڵسه‌نگاندنی بیروڕای گشتی یه‌كێك له‌ وه‌رچه‌رخانه‌ تكنیكناسییه‌كانه‌ كه‌ چییه‌تی پێوه‌ندیی سیاسی ده‌خاته‌ ژێر كاریگه‌ری خۆیه‌وه‌ و له‌ جۆره‌ جیاوازه‌كانی ئه‌م پێوه‌ندییه‌دا كه‌ڵكی لێ وه‌رده‌گیردرێ. هه‌ڵسه‌نگاندنی بیروڕای گشتی، به‌ شێوه‌یه‌كی باو ئامرازێكه‌ بۆ پێشكه‌وتنی توێژینه‌وه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان و رێپیشانده‌ره‌ به‌ تێڕوانیینه‌ گشتییه‌كان یان هۆكارێكه‌ بۆ بره‌ودانی بیروڕا و فكریه‌تی حیزبه‌ سیاسییه‌كان له‌ كۆمه‌ڵگادا. شاره‌زایان له‌سه‌ر ئه‌و بڕوایه‌ن، هه‌ڵسه‌نگاندنی بیروڕای گشتی، هه‌ركات له‌ خزمه‌ت بانگه‌شه‌ی سیاسیدا بێت، قه‌باره‌ و توانای ده‌وڵه‌ته‌كان، حیزبه‌ سیاسییه‌كان و گرووپه‌كانی گوشاری شوێندانه‌ر بۆ كاریگه‌ریدانان له‌سه‌ر بیروڕای گشتی به‌رز بكاته‌وه‌.

رۆڵ و ئه‌ركی راگه‌یه‌نه‌كان له‌ پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كاندا

راگه‌یه‌نه‌كان پردی پێوه‌ندی سه‌ره‌كی له‌ نێوان سیاسه‌تڤانان و كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكن. زۆربه‌ی بیرمه‌ندان ئامرازه‌ پێوه‌ندییه‌ به‌كۆمه‌ڵه‌كانی سیاسه‌تێكی به‌كۆمه‌ڵی به‌هێز به‌ پێشمه‌رجێك بۆ نوێخوازی و په‌ره‌ی نه‌ته‌وه‌ی ده‌زانن. ئه‌ڵبه‌ت له‌ وڵاتانی جیهانی سێهه‌مدا رۆڵی راگه‌یه‌نه‌ گشتییه‌كان به‌ شێوه‌یه‌كی یه‌ك لایه‌نه‌ له‌ لایه‌ن ده‌وڵه‌ته‌كانه‌وه‌ دیاری ده‌كرێ.

راگه‌یه‌نه‌ گشتییه‌كان یارمه‌تیده‌ری سه‌رهه‌ڵدانی رێبه‌ره‌ نوێیه‌كانن كه‌ پرسخولقێنن و له‌ باری ئیدئۆلۆژیكییه‌وه‌ ده‌توانن كاریگه‌ری له‌سه‌ر كۆمه‌ڵگای خۆیان به‌جێ بێڵن. یه‌كێك له‌ ئه‌ركه‌كانی راگه‌یه‌نه‌كان ئه‌مه‌یه‌ كه‌ واقیعه‌ سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان به‌ دروستی بگوازنه‌وه‌. گێڕانی رۆڵی ویژدانی گشتی پێویستی به‌مه‌یه‌ كه‌ راگه‌یه‌نه‌كان بتوانن ره‌خنه‌ له‌ ته‌واوی سیستمی به‌ڕێوه‌به‌ری بگرن، چونكوو ره‌خنه‌ی سازێنه‌ر به‌ سڕینه‌وه‌ی هه‌ڵه‌ و به‌ڕێوه‌بردنی درووست كرده‌وه‌یه‌كی سازێنه‌ره‌. رۆڵی راگه‌یه‌نه‌كان رێنوێنی و كاریگه‌ریدانان له‌سه‌ر بیروڕای گشتی، درووستكردنی ئیدئۆلۆژی و فه‌رهه‌نگی كۆمه‌ڵه‌كان، بارهێنانی شارۆمه‌ندانێكی ره‌خنه‌گر و پێكهێنانی یه‌كگرتووی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌ كۆمه‌ڵگادایه‌.

ئه‌ڵبه‌ت رۆڵی راگه‌یه‌نه‌كان جگه‌ له‌ فێركاری و زانیاری گه‌یاندن، شادمانی و سه‌رقاڵیش ده‌گرێته‌وه‌، به‌ڵام ده‌بێ سه‌رنج بدرێ كه‌ رۆڵی سه‌رقاڵكه‌ری راگه‌یه‌نه‌كان به‌ ئاستێك نه‌گات كه‌ كۆمه‌ڵگا غه‌یره‌سیاسی بكات و ئه‌وان له‌ سه‌رنجدان به‌ چاره‌نووسی خۆیان دوور بخاته‌وه‌. راگه‌یه‌نه‌كان له‌ رێگه‌ی زه‌قكردنه‌وه‌، له‌سه‌ر تێڕوانینه‌كان، باوه‌ڕكان و به‌هاگه‌لێكی تایبه‌تی جه‌خت ده‌كه‌نه‌وه‌ و وێنا و تێگه‌یشتنی ئێمه‌ له‌ راستییه‌كان، بیچم ده‌ده‌ن.

ئینتێرنێت و پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان

پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان، گواستنه‌وه‌ی زانیاری سیاسی له‌ به‌شێك له‌ سیستمی سیاسییه‌وه‌ بۆ به‌شێكی دیكه‌ و بۆ نێو سیستمه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌كانه‌ و له‌م نێوانه‌دا، تێكنۆلۆژییه‌كانی نوێی پێوه‌ندی شوێندانه‌رترین و كاراترین رێگه‌كانی گواستنه‌وه‌ی ئه‌م زانیارییانه‌ن، زانیاریگه‌لێ كه‌ توانای تێگه‌ی رووداوه‌كان و پرۆسه‌ی سیاسی و بڕیاردانه‌كان بۆ گرتنه‌به‌ری باشترین رێبازی سیاسه‌تگه‌ری و كارابوون مسۆگر ده‌كه‌ن. دابینبوونی دێموكراسی به‌ راده‌ی توانای خه‌ڵك بۆ داوه‌ری له‌مه‌ڕ رێبازی سیاسی نوێنه‌رانێ كه‌ ده‌یانهه‌وێ بیانوێت و هه‌روه‌ها به‌ داوه‌ری ئه‌وان له‌مه‌ڕ ئه‌مه‌یكه‌ ئه‌و نوێنه‌رانه‌ به‌و وادانه‌ی كه‌ ده‌یده‌ن پابه‌ند ده‌بن یان نا، په‌یوه‌ندی هه‌یه‌.

به‌ باوه‌ڕی زۆریه‌ك له‌ بیرمه‌ندان، بیاڤێكی نوێ له‌ دێموكراسی پێوه‌ندی ـ ئێلكترۆنیكی به‌ هۆی تێكنۆلۆژیای نوێی زانیاری پێكهاتووه‌. كه‌واته‌ كه‌سانێ كه‌ هۆگری بیاڤه‌ سیاسی و كه‌لتوورییه‌كانی داهاتوون ده‌بێ له‌ رۆڵی گرینگی بیاڤه‌ گشتییه‌ نوێیه‌كان ئاگادار بن و له‌م بیاڤانه‌دا چالاكی بكه‌ن.

ده‌توانرێ به‌سوودبوون و گرینگبوونی دێموكراسی پێوه‌ندی ـ ئێلكترۆنێكی له‌ فۆڕمێكی نوێی بیاڤه‌ گشتییه‌كان و بۆشایی پێوه‌ندی ـ ئێلكترۆنیكی پیشان بدرێت. وه‌ها كه‌شێك زۆر هاوبه‌شیتره‌ له‌ كه‌شی ته‌له‌ڤیزیۆنی و هه‌روه‌ها پیشه‌سازیی كه‌لتووری راگه‌یه‌نییه‌. ئه‌م فه‌زای پێوه‌ندی ـ ئێلكترۆنیكییه‌ فره‌چه‌شنتر و سه‌رزیندووتره‌ له‌ كه‌شه‌كانی كه‌لتووری ـ گشتی هاوچه‌رخ. به‌م شرۆڤه‌یانه‌ وادێته‌ به‌رچاو یه‌كێ له‌ گرینگترین ناوه‌نده‌كان و كه‌وشه‌نه‌كانی چالاكیی تێكنۆلۆژیای نوێی پێوه‌ندی به‌ تایبه‌تی ئینتێرنێت، كه‌وشه‌نی پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان و به‌ تایبه‌تی هه‌ڵبژاردنه‌كان و خه‌باتی ئاشتیخوازانه‌یه‌. ئینتێرنێت به‌ هه‌بوونی تایبه‌تمه‌ندیگه‌لێ وه‌ك ته‌عامولی بوون، به‌رفراوان بوون و نه‌بوونی قه‌تیسایه‌تی زه‌مه‌نی و شوێنگه‌یی، گرینگترین و كاریگه‌رترین تێكنۆلۆژیای نوێی پێوه‌ندییه‌ له‌ بورای پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كاندا كه‌ جۆره‌كانی كاریگه‌ریدانانی له‌م بواره‌دا ده‌توانرێ به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

١- زانیاری و ئاگایی شارۆمه‌ندان زیاد ده‌كات

شارۆمه‌ندان به‌ ده‌ستپێڕاگه‌یشتن به‌ كۆگه‌گه‌لێكی له‌ڕاده‌به‌ده‌ر له‌ زانیاری له‌ ریگه‌ی ئینتێرنێته‌وه‌ ده‌توانن چالاكی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری به‌ڕێوه‌ ببه‌ن و به‌ په‌ره‌پێدانی رێگه‌كانی وه‌رگرتنی زانیاری، ته‌نیا چاوه‌ڕێی زانیارییه‌كانی رادیۆ و ته‌له‌ڤیزیۆن نه‌بن. له‌ راستیدا شارۆمه‌ندان به‌ بژار و هه‌ڵبژاردنی زانیاری، ده‌بنه‌ به‌رهۆیه‌كی چالاك. له‌و شوێنه‌وه‌ كه‌ بڕیاردانه‌ ئاگایانه‌ و عه‌قڵانییه‌كان له‌ گره‌وی هه‌بوونی زانیاری به‌ربڵاو و هه‌ڵسه‌نگاندنی وردی بارودۆخی سیاسییه‌، ئینتێرنێت به‌ پێكهێنان و ئاسانكاریی زانیاری، یارمه‌تیده‌ری به‌توانابوونی شارۆمه‌ندانه‌.

٢- ئێستراتیژییه‌ پێوه‌ندییه‌كان په‌ره‌ به‌ چالاكانی سیاسی ده‌دات

حیزبه‌كان، گرووپه‌كان و كاندیداكان به‌ كه‌مترین تێچوو ده‌توانن لێڕوانیینه‌كانی خۆیان به‌ بیروڕای گشتی بگه‌یه‌نن و به‌ واتایه‌ك، ببن به‌ خاوه‌نی تریبۆنێكی جیهانی. هه‌روه‌ها ده‌ستپێڕاگه‌یشتنی چالاكان به‌ خه‌ڵك راسته‌وخۆیه‌ و چاوه‌دێران و بژارگه‌رانێ كه‌ له‌ راگه‌یه‌نگه‌لێ وه‌ك رۆژنامه‌، رادیۆ و ته‌له‌ڤیزیۆن بوونیان هه‌یه‌، له‌ ئینتێرنێتدا بوونیان نییه‌، كه‌وایه‌ هه‌واڵ و زانیارییه‌كان به‌ چه‌واشه‌كاری و ده‌ستێوه‌رده‌رییه‌كی كه‌متره‌وه‌ دكه‌ونه‌ به‌ر سه‌رنجی شارۆمه‌ندان.

٣- پرۆسه‌ی جه‌ماوه‌ری كردنی سیاسی ئاسان ده‌كات

ئینتێرنێت ده‌رفه‌ته‌كانی پێویست بۆ تاكه‌كان و ئه‌و گرووپانه‌ی كه‌ قازانجگه‌لی هاوبه‌شیان هه‌یه‌، دابین ده‌كات تا به‌ تێپه‌ڕاندنی كه‌ندو كۆسپه‌ سیاسی و جوگرافیاییه‌كان، زانیارییه‌كانیان بڵاو بكه‌نه‌وه‌ و بۆ ئاماده‌بوون و كرده‌وه‌ی سیاسی، ده‌ست بده‌نه‌ جه‌ماوه‌ری كردنی سیاسی، به‌ تایبه‌تی كه‌مینه‌ نه‌ته‌وایه‌تی و ئایینیه‌كان و... ده‌توانن به‌ دامه‌زرانی رێكخراوه‌كان و كۆبوونه‌وه‌ مه‌جازییه‌كان، تریبۆنێكی جیهانی بۆ خۆیان مسۆگر بكه‌ن و دژكرده‌وه‌ له‌ خۆیان پیشان بده‌ن.

٤- له‌سه‌ر پێوه‌ندی نێورێكخراوه‌یی حیزبه‌كان و گرووپه‌كان كاریگه‌ری داده‌نێت

تایبه‌تمه‌ندی به‌رچاوی ته‌له‌ڤیزیۆن ئه‌مه‌یه‌ كه‌ به‌ وردبوونه‌وه‌ له‌سه‌ر كادره‌ ناوه‌ندییه‌كانی حیزبه‌كان، گرینگی چالاكییه‌كانی هه‌لبژاردنه‌ ناوچه‌ییه‌كان داده‌به‌زێنن. به‌م واتایه‌ كه‌ پله‌ خواره‌وه‌كانی حیزبه‌كان و گرووپه‌كان له‌ سنووره‌ جوگرافیاییه‌كانی ده‌وروبه‌ر و شارستانه‌كان، ده‌رفه‌تێكی ئه‌وتۆیان بۆ لێدوان و كاریگه‌ریدانان له‌سه‌ر پرۆسه‌ی بڕیارداندا نییه‌. له‌ ئاكامدا هه‌موو شتێك له‌ حیزبدا چڕ ده‌بێته‌وه‌ و خه‌ڵك ده‌كه‌ونه‌ په‌راوێزه‌وه‌. به‌ڵام ئینتێرنێت ئه‌م دۆخه‌ ده‌گۆڕێ و ئه‌م ده‌ره‌تانه‌ ده‌خولقێنێ كه‌ خه‌ڵك و لایه‌نگران له‌هه‌مبه‌ر ئه‌و شته‌ی كه‌ رێبه‌رانی حیزبه‌كان و گرووپه‌كان به‌ڕێوه‌ی ده‌به‌ن، زانیارییه‌كی زیاتر به‌ده‌ست بێنن و سه‌ره‌ڕای بیروڕا ده‌ربڕین و دژوازی، ده‌ركه‌وته‌ سیاسییه‌كان ناچار به‌ وه‌ڵامدانه‌وه‌ ده‌كه‌ن. به‌ كورتی ئه‌وه‌یكه‌، ئینتێرنێت هێز له‌ نێوان ده‌ركه‌وته‌كان و خه‌ڵك دابه‌ش ده‌كات و یارمه‌تی ده‌كات هێز له‌ ناوه‌ندا كۆ نه‌بێته‌وه‌.

٥- تێچووی پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان داده‌به‌زێنێ

به‌ شێوه‌یه‌كی سوننه‌تی، پانتایی به‌شداری و چالاكی له‌ بواری سیاسی و به‌شداریی سیاسی به‌ هۆی كۆسپه‌ زه‌مه‌نییه‌كان، شوێنگه‌یی و دارایی به‌رته‌سك بوو. به‌ هاتنی ئینتێرنێت، تێچووه‌كانی هاتنه‌ نێو بیاڤی گشتی دابه‌زی و ئاڵوگۆڕی ئیده‌كان خێراتر و تێچوویه‌كی كه‌متری په‌یدا كرد. به‌ واتایه‌كی دیكه‌، حیزبه‌كان و چالاكانی سیاسی له‌ رێگه‌ی ئینتێرنێته‌وه‌ به‌ كه‌مترین تێچوو ده‌توانن له‌گه‌ڵ خه‌ڵكدا پێوه‌ندی بگرن. كه‌واته‌ ئینتێرنێت ئاستی به‌شداری سیاسی له‌ كۆمه‌ڵگادا به‌رز ده‌كاته‌وه‌ و ته‌نانه‌ت تێچووه‌كان و ریسكه‌كانیشی داده‌به‌زێنێ.

٦- ئاستی پێوه‌ندی و ئاڵوگۆڕ له‌ نێو تاكه‌كاندا به‌رز ده‌كاته‌وه‌

ئینتێرنێت به‌ زێده‌كردنی ئاستی پێوه‌ندی و ئاڵوگۆڕه‌ سیاسییه‌كان، ده‌بێته‌ هۆی بیچمگرتنی جۆرێك چالاكیخوازیی سیاسی له‌ كۆمه‌ڵگادا به‌م واتایه‌ كه‌ راگه‌یاندنی له‌گه‌ڵكه‌وتن یان دژایه‌تی له‌گه‌ڵ پرسێك و رووداوێكی سیاسی له‌ لایه‌ن شارۆمه‌ندانه‌وه‌ له‌ فه‌زای سایبریدا، هه‌ستێكی چاك و ئه‌رێنی له‌ توانایی سیاسی بۆ ئه‌م چالاكانه‌ دابین ده‌كات، چون شارۆمه‌ندان هه‌ست ده‌كه‌ن ئازادانه‌تر ده‌توانن بێنه‌ نێو بواری سیاسییه‌وه‌. ئینتێرنێت هه‌روه‌ها ده‌توانێ ده‌ره‌تانی بیچمگرتنی شوناسی به‌كۆمه‌ڵ دابین بكات.

### كۆبه‌ند و ئاكامگیری

تیۆرییه‌كانی پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان راكێشه‌ راگه‌یه‌نییه‌كان زیاد ده‌كه‌ن، چون كاركردی راگه‌یه‌نه‌كان به‌ سیاسه‌ته‌وه‌ نزیكه‌. ئه‌مڕۆكه‌ ئه‌م نزیكایه‌تییه‌ تا راده‌یه‌ك زۆر بووه‌ كه‌ یه‌كه‌ جۆرواجۆره‌كانی ئه‌م زانسته‌ به‌ وشه‌گه‌لی له‌گه‌ڵ پاشگری «كراسی»دا دێت و لقه‌ تێكه‌ڵبووه‌كانی به‌ ناوی حكوومه‌ت له‌ رێگه‌ی ئامرازی پێوه‌ندییه‌ به‌كۆمه‌ڵه‌كان پێكهاتوون. هیچ سیاسه‌ت و حكوومه‌تێك به‌ بێ چاوه‌دێری، كونترۆڵ و پاڵپشتی راگه‌یه‌نه‌كان ناتوانێ بیچم بگرێت و له‌سه‌ر پێ راوه‌ستێ. ئه‌م كرده‌وه‌ش به‌ هۆی پێوه‌ندییه‌كی نزیكه‌ كه‌ ئامرازی پێوه‌ندییه‌ به‌كۆمه‌ڵه‌كان له‌گه‌ڵ بیروڕای گشتیدا هه‌یانه‌. له‌ راستیدا ئه‌و حكوومه‌تانه‌ی كه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای دێموكراسی كار ده‌كه‌ن چون پێویستیان به‌ ده‌نگی خه‌ڵكه‌ ناچارن له‌گه‌ڵ ئامرازی پێوه‌ندییه‌ به‌كۆمه‌ڵه‌كاندا په‌یوه‌ندی و دۆستایه‌تیه‌كی پته‌وه‌ دابمه‌زرێنن. وا دێته‌ پێش چاو كه‌ كاریگه‌ری راگه‌یه‌نه‌كان له‌ وه‌رچه‌رخانه‌ سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی وڵاتان هه‌روا درێژه‌ی بێت.

راگه‌یه‌نه‌ گشتییه‌كان، جگه‌ له‌وه‌یكه‌ له‌ پرۆسه‌ی پێوه‌ندییه‌كان و ئاڵوگۆڕی زانیاری له‌ نێو كۆمه‌ڵگا و نه‌ته‌وه‌كاندا پشكدارن، ده‌توانن به‌ كاركردی خۆیان له‌ بواره‌ سیاسی، فه‌رهه‌نگی و ئابوورییه‌كان هاوته‌ریب له‌گه‌ڵ وه‌رچه‌رخانه‌ قووڵه‌كان له‌ دامه‌زراوه‌ سیاسی، كۆمه‌ڵایه‌تی، فه‌رهه‌نگی و گۆڕانی بیروبڕوا و به‌هاكانی كۆمه‌ڵگادا كاریگه‌ر بن و وه‌ك زانكۆیه‌كی گشتی له‌ پێناو پشكوتن و به‌رزبوونه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگی كۆمه‌ڵگایه‌ك چالاكی بكه‌ن و رێپیشانده‌ر و رێنوێنیكه‌ری كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك و سیاسه‌تڤانان بن بۆ گه‌یشتن به‌ كۆمه‌ڵگایه‌كی به‌خته‌وه‌ر و شیاوی مرۆڤایه‌تی.

سه‌رچاوه‌كان:

١- زانستی پێوه‌ندییه‌كان ـ سه‌ید موحه‌مه‌د مێهدیزاده‌

٢- راگه‌یه‌نه‌كان و ده‌سه‌ڵات ـ دوكتور فه‌ره‌یدوون وێردینژاد

٣- پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان ـ قاسم كه‌رباسیان

٤- پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان ـ په‌رویز عه‌له‌وی

٥- پێوه‌ندییه‌ سیاسییه‌كان له‌ كرده‌وه‌دا ـ ن: پالتێز ، ده‌یوید ئێل ـ و: مێهدی شه‌فه‌قه‌تی

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 597 ▪ 19 Jan 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# خەڵاتی ساڵانەی مامڵێ بەخشرایە هونەرمەند عەزیز شاڕۆخ



خەڵاتی ساڵانەی «مەڵبەندی هونەریی مامڵێ» بۆ ساڵی ٢٠١٢ بەخشرایە مامۆستا عەزیز شاڕۆخ، هونەرمەندی بە ناوبانگی کورد.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ، ساڵانە هونەرمەندێکی کورد بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ماندوویەتی و خزمەتی هونەری بە نەتەوەی کورد دیاری دەکات و خەڵاتی پێ دەبخشێت.

ساڵی ٢٠١٢ مامۆستا عەزیز شاڕۆخ هونەرمەندی ناوداری کورد بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە دیاری کرا.

هەتا ئێستا خەڵاتی مەڵبەندی هونەری مامڵێ بەخشراوەتە مامۆستا باکووری هونەرمەندی کوردی تورکیە، شمشاڵ ژەنی بە ناوبانگ قالەمەڕە و مامۆستا عەبباس کەمەندی.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ لە ساڵی ١٣٨٧ـەوە بە فەرمی کاری خۆی دەست پێ کردووە. بنەمای ئەم مەڵبەندە لەسەر هزرێکی نەتەوەیی دارێژراوە و مەبەست لە هاتنە گۆڕەپانی، تەنیا دەربڕینی پێزانین و ئەمەگناسی بەرانبەر بەو کوردانەیە کە لە ڕێگەی هونەرەوە خزمەتی نەتەوە و نیشتمانیان کردووە.

هونەرمەند عەزیز شاڕۆخ ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایك بووە و ئێستاش هەر لەو شارەدا نیشتەجێیە. جگە لەوەی لە هونەری گۆرانیی کوردیدا جێگای تایبەتیی خۆی هەیە لە هەمان کاتدا وەکوو مامۆستای مەقاماتی کوردی، بە گوتنەوەی مەقام و گۆرانییەکانی هونەرمەندانی کورد کاوەیس ئاغا، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی، تاهیر تۆفیق، حەسەن جزراوی و محەممەد عارف جزراوی ڕۆڵێکی گرینگی لە نوێکردنەوەی گۆرانییەکانی ئەوان و ناساندنی زیاتریاندا گێڕاوە.

# توورەج ئەسڵانی خەڵاتی ئەنجومەنی ڕخنەگرانی سینەمای ئێرانی بەدەستهێنا

وێنەگری کورد توورج ئەسڵانی، بە فیلمی سینەمایی «کوڵی گریان» خەڵاتی دیپلۆمی شانازیی شەشەمین جەژنی ئەنجومەنی ڕخنەگران و نووسەرانی سینەمای ئێرانی بەدەستهێنا.

ئەسڵانی دوو مانگ پێش ئێستا بە فیلمی سینەمایی «وەرزی کەرکەدەن» لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد بەهمەن قوبادی، خەڵاتی باشترین وێنەگرتنی بەشی سەرەکی ٦٠ـەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سان سێباستیانی ئیسپانیا، خەڵاتی باشترین وێنەگری شە شە مین خولی ڕێوڕەسمی خەڵاتی ئیسکرین «ئاسیا پەسیفیك» (APSA) ناسراو بە «ئوسکاری ئاسیایی» لە وڵاتی ئوستڕالیا و هەروەها خەڵاتی «بۆقی برونزی» باشترین وێنەگری بیستەمین خولی فیستیڤاڵی پسپۆڕانەی وێنەگرانی سینەما بە ناونیشانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «پلووس کامێرا ئیمەیج»ی پۆڵەندی بەدەستهێنابوو، دوو ڕۆژ پێش ئێستا بە فیلمی سینەمایی «کوڵی گریان» لە دەرهێنانی سینەماکاری لاوی ئێرانی ڕەزا دورمیشیان خەڵاتی دیپلۆمی شانازیی شەشەمین جەژنی ئەنجومەنی ڕخنەگران و نووسەرانی سینەمای ئێرانی پێبەخشرا.



# فێربوونی زیاتر لە یەک زمان کاریگەری لەسەر کاری مێشک هەیە



توێژینەوەیەکی نوێ کە ژمارەیەك پسپۆری مێشك ئەنجامیانداوە، ئاشکرای کردووە کە ئەو کەسانەی دەتوانن بە زیاتر لە زمانێك قسە بکەن کاتێك پێ دەنێنە تەمەنی بەساڵاچوویی دەتوانن زیاتر پارێزگاری لە توانا عەقڵییەکانی خۆیان بکەن.

توێژەران بۆ زانینی پاشخانی زمانەوانی و ماوەی دووبارەکردنەوەی، ڕووپێوێکیان لەسەر ١١٠ کەس کردووە. بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بە دوو زمانی جیاواز لە ڕۆژدا قسە دەکەن.

زمانە بەکارهێنراوەکانی ئەو کەسانە هەمەجۆر بوو و ئەوەش یارمەتیدەر بوو بۆ چەسپاندنی زانیارییەکانی توێژینەوەکە کە لە قوتابخانەیەکی سەر بە زانکۆی پێنسیلوانیا ئەنجامدرا.

بە شێوەیەکی گشتی لە تاقیکردنەوەکانی سەبارەت بە توانای یادەوەریدا دەرکەوت لە نێوان ئەوانەی بە یەك زمان قسە دەکەن و ئەوانی بە دوو زمان دەدوێن، جیاوازی هەیە.

ئەنجامەکانی ڕەنینی مێگناتیسی مێشکی بەشدارەکان دەریخست، کە لە نێوان کەسە بە تەمەنەکاندا، ئەوانەی زیاتر لە زمانێك دەزانن لە توانای گۆڕینی هەستەکانیان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، خێراترن.

## زایەڵە

فاتێح ساڵحی

### مۆتەکەی لەتکە کاغەز و وڕاوەکانی پینۆکیۆ

لەتکە کاغەز لە زاراوەی سیاسی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی ئێراندا، هێمایەکە بۆ ناکارامەیی و بێ مانایی ئەو بڕیارنامە و گەمارۆیانە کە لەمەڕ ملهوڕییەکانی ڕێژیم پەسەند کراوە و ئێستاکە نە تەنیا بەرۆکی بە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران گرتووە، بەڵکوو کاربەدەستانی ڕێژیمیشی تا ئەژنۆ لە زلکاوی خۆیدا چەقاندووە.

ئێستاکە دوای خوێندنی کاریگەری گەمارۆکان لەسەر کەرتە جیاوازەکانی وڵاتی ئێران و دەزگای بەڕێوەبەری ئەم وڵاتە و ژیانی ئاسایی خەڵك، بۆ هەمووان دەرکەوتوو کە ئەو لەتکە کاغەزانەی کە بەردەوام کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە میدیا و ڕاگەیەنەکاندا باسیان لێ دەکرد، چلۆن کاربەدەستانی ڕێژیمی تووشی شڵەژان کردووە و چلۆن ژیانی ئاسایی خەڵکانی سیڤیلی تووشی گیرو گرفت و کەند و کۆسپی هەمەلایەنە کردووە.

ئەمەش لە کاتێکدا بە جوانی بەرچاو دەکەوێ کە سەرەڕای پێشبینی کارناسانی ئابووری لە ڕابردوودا لەمەڕ کاردانەوەی گەمارۆکان، ئێستاکە تەنانەت کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمیش ناتوانن خۆیان لە باسکردنی شوێندانەریی گەمارۆکان ببوێرن و بەردەوام لە تریبۆنە جۆرواجۆرەکانیانەوە باسی تێکڕمانی ئابووری ڕێژیمەکەیان و کاریگەربوونی گەمارۆکان لەسەر ئابووری وڵات دەکەن و یەکتر و لایەنە پێوەندیدارەکانی ڕێژیم لەمەڕ ئەم قەیرانە هەمەگیرە بە ناکارامەیی و نابەڕێوەبەری تۆمەتبار دەکەن و ئەم گەمارۆیانە بە هۆڤانە و ئاژەڵانە ناو دەبەن.

بەڵام لە هەمووی سەیرتر وڕینەکانی ئەم دواییانەی مەحموودی ئەحمەدی نژادە کە بە ڕاشکاوی باس لە کاریگەربوونی گەمارۆکان و ڕێگەچارەکانی بۆ دەرباز بوون لە قەیرانی گەمارۆکان دەکات. ئەو ڕێگەچارانەی کە دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی هەر مرۆڤێکی ئاسایی و جگە لە گاڵتە و گەپ و پێکەنین هیچ شتێکی دیکەی لێ شین نابێ. سەرۆك کۆماری ئێران لە یەکێك لە دوایین قسەکانیدا، باس لەوە دەکات: «دەبێ بۆ بڕینی تێچووەکانی دەوڵەت بە داهاتە نەوتییەکان بەیەکجاری بڕیار بدەین و ئەم کارە بە کۆتایی بگەیەنین. گۆشار دێت، دیارە کە گوشار دێت. داهاتێ کە ١٠٠ ساڵە لە نەوت خۆی تێر دەکات، بمانەوێ بەیەکجاری بیپچڕین گوشار دێنێ.» پاشان دوای پێشنیار کردنی ئەم ڕێگەچارە کەم وێنە بۆ ئەوەیکە دژبەرانی گیری پێ نەدەن باس لە بەدیلی بڕینی داهاتی نەوتیش دەکات و دەڵێ: «ئەگەر ١٤ میلیۆن دۆنم لێرەوارەکانی ئێران بخەینە ئێختیاری ئاژەڵدارانەوە، ١٤ هەزار دەرفەتی پیشەیی پێك دێ.»! و بەمشێوەیە بە خەیاڵی سەرۆك کۆمار، هەژاری و بێکاری و گرانی کۆتایی پێدێت و بۆمبی ناوکی گەمارۆکان پووچەڵ دەبێتەوە. ناوبراو هەروەها خوازیاری ئەوە بوو کە دار بەڕووی لێرەوارەکان هەموویان ببڕدرێنەوە و لە باتی بەڕوو وێنجە بکێڵدرێ. تا خەڵك لە باتی پرۆتۆئین و گۆشت و پارەی نەوت، تەنیا و تەنیا سەوزە ببەنە سەر سفرەی بەتاڵیانەوە.

ئەمانە و دەیان وڕینەی دیکە و ڕێگەچارە سەیر و سەمەرەکانی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران بۆ دەور لێدانەوەی گەمارۆکان، هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەرەنجامی مۆتکەی گوشاری لەتکە کاغەزەکانن کە وێدەچێ لە داهاتویەکی نە ئەوەندە دووردا لە ژێریدا نوقم بن و بخنکێن.